دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٦٠، سێشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

■ ناوەندی هاوکاری: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات شەقامی شارەکان بکەنە شانۆی وەستانەوە
٢

■ جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب، لەگەڵ سێناتۆرێکی فەرانسەوی کۆبووەوە
٢

■ پێشمەرگە خاوەنداریەتی لە خاکی کوردستان دەکات
٣


وتووێژی «تیشک» لەگەڵ لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات
٤



هەڕەشە لە سەر خاکی کوردستان
٦


"کوردەکان لەو بارەیەوە لە ئێمە نزیکن چونکە...
٨


لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە
١٠

# ترسی جەماران




پاش کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیە و سووریە، دەوڵەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەشێوەیەکی بەربڵاو هێرشی کردە سەر کوردستانی ڕۆژاوا؛ ئەم هێرشانە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەنگدانەوە و دژکردەوەی بەربڵاوی هەبوو و بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی تورکیە وەک دووهەم هێزی سەربازی ئەندام لە ناتۆ، بیروڕای گشتی جیهان پشتگیری و پشتیوانییان لە کوردەکانی سووریە کرد کە.

تەنیا چەند ڕۆژ پاش هێرشەکانی تورکیە بۆسەر کوردستانی سووریە، هێزە کوردییەکان بەمەبەستی ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانی تورکیە، بە نێوبژیوانی ڕووسیە، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی سووریە ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد کە بەهۆیەوە هێزە نیزامییەکانی بەشار ئەسەد گەڕانەوە بۆسەر سنوورەکان.

وەک ئاماژەی پێکرا هێرشی تورکیە بۆسەر کوردەکانی سووریە، لە ئاستی جیهانیدا دژکردەوەی لێکەوتەوە؛ یەکیەتیی ئورووپا، یەکیەتی عەرەب و دواجاریش کۆنگرێسی ئامریکا ئیدانەی ئەم پەلامارەیان کرد و تەنانەت ڕەخنەی توندیان لە دانڵد ترامپ گرت و ڕایانگەیاند کە بەهۆی بڕیارەکەی ئەووە ئەم هێرشە ئەنجام دراوە؛ تەنانەت بڕیارەکەی ناوبراویان وەک «خەیانەت بە گەلی کورد» ناوزەد کرد. کۆنگرێسی ئامریکا بە ٣٥٤ دەنگی «ئەرێنی» لەبەرامبەر ٦٠ دەنگی «نەرێنی» دژایەتی خۆیان لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە سووریە ڕاگەیاند و داواکار بوون کە ترامپ لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە و بە هێشتنەوەی سەربازە ئامریکاییەکان سڵامەتی گیانی و سیاسی کوردەکان کە بە هاوپەیمانی ئامریکا لە شەڕی داعش دەژمێردران گەرەنتی بکات. کورد لە سووریە لە چەند ساڵی ڕابردوودا وێڕای هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئامریکا دژ بە دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی شەڕیان کرد کە وێڕای شکستدانیان، تێچوویەکی قورسی ١٠ بۆ ١١ هەزار شەهیدیان بۆ دا، بەڵام ئێستە لەناکاو خۆیان بەرامبەر بە دووهەمین هێزی سەربازی ناتۆ بینییەوە. نارەزایەتییەکان تەنیا دەوڵەت و سیاسەتمەدارەکانی نەگرتەوە و زۆربەی شەقامەکانی کوردستان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و هەروەها شەقامی زۆربەی شارە ئورووپاییەکان شاهێدی ڕێپێوانی ئێعترازی کوردانی نیشتەجێ لەو وڵاتانە بوو کە وێڕای ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دانڵد ترامپ، پەلاماری دەوڵەتی تورکیەیان مەحکووم کرد و پشتیوانی هەمەلایەنەی خۆیان لە کوردستانی ڕۆژاوا دەربڕی.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لە یەکەم ساتەکانی دەسپێکی شەڕ لە نێوان تورکیە و کوردەکان ڕایگەیاند کە پێشبینی دەکرێت بەهۆی ئەم شەڕەوە لانیکەم ١٦٠ هەزار کەس ئاوارە ببن؛ تا ئێستە ئامارێکی ورد لەسەر زیانبەرکەوتوانی ئەم شەڕە بڵاو نەکراوەتەوە بەڵام وەک سەرچاوە خۆجێییەکان باسی لێوە دەکەن تا ئێستە چەندین هەزار کەس کە زۆربەیان لە ئەنجامی بوردومانەکانی تورکیە بریندار بوون یان کوژراون کە بەشی هەرەزۆریان خەڵکی سڤیل و بێدیفاعی ئەو ناوچانەن.

پاش چەند ڕۆژ لە هێرشەکان و لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەر ترامپ جارێکی تر هاتەوە سەر هێڵ و لەڕێگەی وەفدی دانوستانکاری لە تورکیە ئاشکرای کرد کە ئاگربەسێکی چەند ڕۆژەی لەنێوان دوو لایەنی شەڕ هێناوەتە ئاراوە بەو مەرجەی کە هێزە کوردییەکانی سووریە دەبێ بە قووڵایی ٣٠ کیلۆمێتر لە سنوورەکان دوور بکەونەوە تاکوو «ناوچەی ئارام» دابمەزرێت.

ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی گەلی کورد لە چوار سوچی جیهانە کە بێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە دەسکردەکان و تەنیا لەڕووی هەستی نیشتمانی و درک کردن بە گرینگی بارودۆخەکە هاتنە سەر شەقام و بەهەر شێوەیەک کە بۆیان لوا پشتگیری خۆیان لە خوشک و براکانیان دەربڕی؛ لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ژنان، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایا، مامۆستایانی ئایینی، وەرزشکاران و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا چ وەک ڕێکخستنی خۆپیشاندان و چ بە دانی درووشم و چ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراو ئەرکی نیشتمانی خۆیان بەجێ گەیاند.

لەم نێوانەدا نابێ ئەوەش لە بیر بکرێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سەرەکیترین دوژمنی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ تاکوو لەلایەکەوە ڕقی لەمێژینەی خۆی بە دەوڵەتی تورکیە بڕێژێت و لەلایەکی دیکەشەوە وەها بنوێنێ کە پشتیوانی کوردە و ئەم کردارەی تورکیە بە کارێکی نامرۆڤانە دەبینێت لەحاڵێکدا لە کەس شاراوە نییە کە کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت هەموو ویستێکی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات قەڵسە و ناتوانێ سەروەری و گەورەیی ئەم نەتەوە بە چاوی خۆی ببینێ. لەم ڕاستایەشدا بینیمان کە هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ تاکوو ئاراستەی ڕاستەقینەی خۆپیشاندان و ڕێپێوانە خۆڕسکەکان بە وتنەوەی درووشمی وەک «مرگ بر آمریکا» بگۆڕێت، بەڵام ئەم فێڵەشی زۆر زوو لای خەڵک ئاشکرا بوو و خۆپیشاندەران هاواری «بژی کوردستان، بژی پێشمەرگە، ڕۆژاوا ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە» بەرز کردەوە؛ دواجاریش لە زۆربەی شارەکان بینیمان کە چالاکان و ڕێکخەرانی ئەم خۆپیشاندانانە لە لایەن دەزگا داپڵۆسێنەرکانی ڕێژیمی تارانەوە گیران و بەرەوڕووی لێپرسینەوە و ئەشکەنجە بوونەوە. هەروەها لە ڕۆژانی دواتردا ڕێژیم ترس و نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بە مانەوەی تورکیە نیشان دا و لە دەترسێ کە چیی لە سووریە ڕستوە، بۆی شی ببێتەوە و هەموو هەزینەکانی بەفیڕۆ بچی. دووبارە لە سووریەشدا دۆڕانێکی دیکە تووشی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ببێتەوە.

## پەیڤ

## شاخەکان تاکە دۆستمان نین

**کەریم پەرویزی**

سەدان ساڵە کە نیشتمانی کوردان لە بەردەم هەڕەشە و هێرشدایە و لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا بە سەدان و هەزاران جار هێرشی خێڵ و عەشیرەت و کۆچەرییەکان و ئیمپراتۆرییەکان بۆ سەر کوردستان تۆمار کراوە و سەدان تراژێدی و حەماسە خوڵقێنراون. لەم چەندین سەدەیەدا هەرجار کە دوژمنان و تاڵانکەران هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان، گەر کورد توانای بەرپەرچدانەوەی هێرشی سەدان هەزار لەشکری تاوانبارانی نەبووبێ، پەنای بردۆتە بەر شاخ و دۆڵەکانی چیا سەرکەشەکانی کوردستان و شاخەکان بوونەتە پەناگە و پشتی کورد تاکوو لە تراژێدییەکاندا بیپارێزن. لەشکری داگیرکەریش کە لە ڕێگەی عەرزەوە هێرشیان کردووە، لە دۆڵ و هەورازەکاندا توانای هێرشیان لەدەستداوە و بەناچار وازیان لە کورد هێناوە و چوون بۆ شوێنی دیکە. بەم شێوە شاخ لە مێژووی چەندین سەدەو هەزارەی کوردستاندا بۆتە تاکەدۆستی کورد. بەڵام ئێستا چەند شتی گرنگ ئاڵوگۆڕیان تێدا رووی داوە و ئەم پشتوپەنایەی کورد لەو دۆخەی جاران تێپەڕیوە. ئاڵوگۆڕێکی گرنگ ئەوەیە کە تێکنۆلۆژیی شەڕکردنی دوژمنانی کورد زۆر گۆڕاوە و ئێستە بێ ئەوەی پێویستییان بە عەرز و هێزی پیادە بێ، بە ڕێگەی مانگی دەسکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هێزی ئاسمانییەوە تا قووڵترین دۆڵەکان و ئەستەمترین لووتکە و ڕەوەزەکان هێرش دەبەن و چیدی شاخ بەو ئاسانییە ناتوانێ پەناگەی مانەوەی کورد بێ، کە ئەمە دۆخەکە بەرەو گۆڕان لە داهاتوودا دەبا. لەگەڵ هەموو خراپی و خەسارەکانی ئەم تێکنۆلۆژییە شەڕکەرە نوێیانەدا، ئەو ئاکامەشی هەیە کە کورد ناچار دەبێ خەباتەکەی تەنیا گرێدراو بە شاخ نەبێ و دەرگایەک بکاتەوە تاکوو شار ببێ بە پشت و پەنا و بە واتایەکیتر خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدرێن. ئەمە گۆڕانێکی ستراتژیک لە خەباتی کورد پێک دێنێ کە شاخ بە تەنیا نابێ و شار دەبێتە دۆستێکی بنەمایی دیکەی کورد. فاکتەری گرنگی دیکە گۆڕانکارییە لە ئامراز و تێکنۆلۆژییەکانی پێوەندیگرتندا. شۆڕشێک کە لەو بارەوە پێک هاتووە، بۆتە هۆکارێک کە شەڕ و ماڵوێرانی ئیدی لە کوردستاندا بە بێدەنگی بەڕێوە نەچێ. گەر سەردەمانێک هێرشی دوژمنانی دوورەدەست وەکوو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی هاوکاری: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات شەقامی شارەکان بکەنە شانۆی وەستانەوە

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای پشتیوانی لە دەنگی خرۆشاوی خەڵکی کوردستان داوای کرد کە شەقامی شارەکانی کوردستان بکەنە گۆڕەپانی وەستانەوە دژی داگیرکەران.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران!

هەروەک ئاگادارن لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا، هێرشێکی بەربڵاو لە ئاسمان و زەوییەوە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن ئەرتشی تورکیەوە دەستی پێکردووە و بەپێی ئامارە بەراییەکان تا ئێستا سەدان کوژراو و بریندراری لێکەوتۆتەوە و بە دەیان هەزار خەڵکی سڤیل و مەدەنیش بە ناچار شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە. لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ئێران، بە هاتنە سەر شەقام و مەحکوومکردنی داگیرکاری و شەڕفرۆشی، هاوخەمی و هاوخەباتییان لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوا دووپات کردەوە.

کەشی خنکێنەری ڕۆژهەڵات، گوشار و هەڕەشەی هێزە سەرکوتکەرەکانی داعشئاسای ڕێژیمی ئیسلامی ناتوانێت و نەیتوانی پێش بە ئیرادەی گەلەکەمان بگرێت بۆ پاڵپشتیکردنی نەتەوەکەمان لە هەر چوار بەشی داگیرکراوی نیشتمانەکەیان. ناوەندی هاوکاری وێڕای ڕێزلێنان و پشتیوانیکردن لە دەنگی دلێر و خرۆشاوی ئازادیخوازانی کوردستان و هەموو جیهان بۆ مەحکوومکردنی ئەو شەڕ و کوشتن و برینە، لە پێناو ئاشتی و ئازادی و سەقامگیری، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە مافی مرۆیی و نێونەتەوەییەکان دەکات کە دژی ئەم داگیرکاری و شەڕ و کوشتارە بووەستنەوە.

هەروەها داوا لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات بەردەوام بن لە دەربڕینی هاوخەباتی و هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوا و شەقامی شارەکانی کوردستان بکەنە شانۆی وەستانەوە بەرامبەر بە دیکتاتۆر و داگیرکەران. بۆ ئەوەی لە هەموو خۆپێشاندانەکان، دروشمەکان یەکدەست بن و لەو ڕێگایەوە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی بە هەموو خۆپێشاندانەکانەوە دیار بێت، پێویستە ئەم دروشمانە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و پرسی بزووتنەوەی گەلی کورد بڵێنەوە:

«داگیرکەر بزانە، کورد هەمووی لە دژتانە»

«بژی پێشمەرگە»

«مەرگ بۆ داگیرکەر ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا، دیکتاتۆر جێی نەماوە»

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

# کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو

کۆبوونەوەی باڵای شاندەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٦ی ڕەزبەر، بە سەرپەرەستیی «عەبدوڵڵا مۆهتەدی»، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆبوونەوەی شاندی باڵای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی نەفەراتی یەکەمی هەر٤ حیزبەکە بەڕێوەچوو.

لە دانیشتنەکەدا چەندین باس و تەوەری گرنگی سیاسیی پێوەندیدار بە ناوچەکە بەگشتی و ئێران بەتایبەتی گفتوگۆی لەسەر کرا و وێڕای ئاڵوگۆڕی بیرورا، بەشداربووان هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان بە ئاگاداری یەکتر گەیاند.

دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە و ئێران، تەوەرەی سەرەکیی دانیشتنەکە بوون کە بە وردی ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان لەسەر کرا. پەرەدان بە کارەکانی ناوەندی هاوکاری و پرۆژە هاوبەشەکان، بەشێکی دیکە لە ئاجێندای کۆبوونەوەکە بوون، لەو بەشەشدا بەشداربووان ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان کرد و بڕیار درا گرینگیی زیاتر بەو بوارە بدرێت و پێشنیار بۆ کارەکانی داهاتوو بەوردی کاریان لەسەر بکرێت.

دوای تاوتوێی بابەتەکان و لێکتێگەیشتن لەمەڕ پرسە هاوبەشەکان، کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی**

# دۆخی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تاوتوێ کرا



وەفدێکی هاوبەشی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا و پارلمانی سوئێد سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد. دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢٧ی ڕەزبەر، وەفدێکی هاوبەشی پارلمانی ئورووپا و پارلمانی سوئێد بە سەرۆکایەتیی «ئەڤین ئینجیر»، ئەندامی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن وەفدێکی حیزبی دێموکراتەوە، بە سەرۆکایەتیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. «ئەڤین ئینجیر» خۆشحالیی وەفدەکەی خۆی بەنیسبەت سەردانکردنی حیزبی دێموکرات دەربڕی و دەوری حیزبی دێموکراتی لە بزاڤی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد بەرز نرخاند.

پاشان «هیجری»، وێڕای پیرۆزباییکردن لە «ئەڤین ئینجیر»، بۆ بوونە ئەندام لە پارلمانی ئورووپا، سپاسی سەردانی ناوبراو و وەفدی هاوڕێی کرد.

لە دیدارەکەدا، دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و بەتایبەت دۆخی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات باسی لێوەکرا و لێپرسراوی حیزب دەوری پارلمانی ئورووپا و وڵاتانی ئەندام لەو یەکیەتییەی بەوردی باس کرد.

لە بەرانبەردا شاندی میوان هەوڵەکانی خۆیان لە هەمبەر نیشاندانی مەزڵوومییەتی نەتەوەی کورد لە بیروڕای گشتیی ئورووپا و پارلمانی ئورووپا هێنایە بەرباس.

لە دانیشتنەکەدا «قادر کەسیرگە»، ئەندامی پارلمانی سوئێد، «سەرکۆ گەلالی»، ئەندامی پارلمانی کوردستان و وەفدێکی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی لە سوئێد، بەشدار بوون.

# نوێنەرانی ناوەندی هاوکاری لەگەڵ نوێنەرانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا کۆ بوونەوە



نوێنەرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و نوێنەرایەتیی کانتۆنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی دیدارێکیان پێک هێنا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ی ڕەزبەزر، هەیئەتێکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە مەبەستی گەیاندنی هاوخەمی و پشتیوانیی خەڵك و حیزبەکانی بەشدار لە ناوەندی هاوکاری، سەردانی نوێنەرایەتیی کانتۆنەکانی «ڕۆژئاوا»یان لە شاری سلیمانی کرد و لە لایەن نوێنەری کانتۆنەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان، «مەسعوود حەسۆ»، پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا، دوایین دۆخ و پێشهاتەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا، هەڵوێستی خەڵکی چوار پارچەی کوردستان سەبارەت بە هێرشی تورکیە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کوردستانی ڕۆژئاوا هاتە بەر باس.

لەم چاوپێکەوتنەدا، نوێنەرانی کوردستانی ڕۆژئاوا سپاسی هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ناوەندی هاوکارییان کرد کە بەبێ گوێدان بە گوشاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە سەرەتای هێرش بۆ سەر خاکی ڕۆژئاوا، لەسەر خەت بوون.

لەم دانیشتنەدا، هەردوولا جەختیان لە یەکڕیزی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنانی کوردیان کردەوە و بە ئامادەبوونی ڕاگەیاندنەکان، پرێس کۆنفرانسێك لەو پەیوەندییەدا بەڕێوەچوو.

# جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب، لەگەڵ سێناتۆرێکی فەرانسەوی کۆ بووەوە



جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ سێناتۆر «ڕێمی فێیرود»، لە مەجلیسی سێنای فەرانسەدا، دیدارێکیان پێک هێنا.

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە فەرانسە، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ی ڕەزبەر، «حەسەن شەرەفی»، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و «ئومید ساعیدی»، نوێنەری حیزب لە فەرانسە، لەگەڵ سیناتۆری پاریس، «ڕێمی فێیرود»، لە مەجلیسی سێنای فەرانسەدا دیدارێکیان پێک هێنا.

لەم چاوپێکەوتنەدا، «حەسەن شەرەفی» سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەرانبەر بە «ڕێمی فێیرود»، بەهۆی پشتیوانی، چالاکی و هەڵوێستەکانی ئەم سێناتۆرە بەنیسبەت خەباتی ڕەوای کورد لە چوار پارچەی کوردستان، دەربڕی.

«شەرەفی»، بەوردی باسی دۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات و چالاکییە فرە ڕەهەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و داوای هاوکاری و پەیوەندی و پشتیوانیی زیاتر لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کرد.

سێناتۆر «ڕێمی فێیرود» باسی لە گرینگیی پەیوەندیی زیاتر و بەردەوامی حیزبی دێموکراتی لەگەڵ خۆی و پارلمانتارەکانی کرد.

ناوبراو، لەسەر گرینگیی خەباتی ڕۆژهەڵات و دەور و ڕۆڵی لەم قۆناغە هەستیارەدا، بەتایبەت کە کێشەی ئێران و جیهان لەم چەند ساڵەی داهاتوودا بەرەو یەک لابوون دەڕوات، جەختی کردەوە.

# حیزبی دێموکرات: کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەک دادەنێت

کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو و لە کۆبوونەوە هاوبەشدا، لەبارەی دۆخی کوردستان بەگشتی قسە کرا.

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، کۆبوونەوەی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٦ی حیزب، بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و کورد، بەتایبەت دوایین شەهیدەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا، دەستی پێکرد.

پاشان لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕاپۆرتێکی سیاسیی تێروتەسەلدا، بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکەی بە وردی تاوتوێ کرد.

ناوەڕۆکی سەرەکیی باسەکەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕوانگە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەهەمبەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بوو.

«مستەفا هیجری»، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە و گۆڕینی باڵانسی هێزەکان هاتووەتە ئاراوە، پرسی کورد لە سووریە و دەوری بنەڕەتیی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا لە چەقی ئەو گۆڕانکارییانەی بەوردی باس کرد.

لەو باسەدا خۆڕاگری و قارەمانییەتیی هێزە کوردییەکانی بەرانبەر بە داگیرکاری و هێرشەکانی بەرز نرخاند، بەڵام پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا، زامنی سەرەکیی پاراستنی مافە نەتەوەییەکانیانە.

ئەو یەکگرتووییە چ لە خەبات و بەرخۆدانەکاندا و چ لە داهاتوودا کە ڕەوتی سیاسیی وەها بڕواتە پێش کە بە ڕێککەوتنی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان دەستووری نوێ بۆ سووریە دابڕێژرێتەوە.

حیزبی دێموکرات بۆ خۆی لەسەر پرەنسیپی سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردان پێداگرە و بە بناغەیەکی سەرەکیی دروست بڕیاردان و دابینکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە هەر بەشێک دەزانێت و لەوبارەوە ساڵانێکە حیزبی دێموکرات خەباتی بێوچانی بۆ دەکات و هەم نرخی بۆ داوە و هەم هەوڵی داوە کە هێزەکانی دیکەش بەو شێوەیە سیاسەتیان دابڕێژن و ڕێز لە ئیرادەی بەشەکان و هێزەکانی دیکەی کوردستان بگرن. هەر بەم پێیەش پێشتر داوای کردبوو کە هێزەکانی کورد لە سووریە خۆیان بڕیاردەر بن و لەژێر کاریگەریی بڕیاری دیکەدا نەبن. هەم ئێستاش ڕێز لە بڕیار و هەڵسوکەوتی ئەوان لە پرۆسەی سیاسیی سووریە و کوردستانی ڕۆژئاوا دەگرێت و بە مافی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە نیشتمان دەزانێت.

لە درێژەی باسەکەدا لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات هاودەنگیی جیهانی، بە تایبەت ڕای گشتیی ئامریکا و ئورووپاییەکان و ناوچەکەی لە پشتیوانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا بەرز نرخاند و ئەم بارودۆخەشی بە دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکان و دەرگایەکی ئاوەڵا بۆ دیپلۆماسیی کورد و بە تایبەت دیپلۆماسیی گشتیی کوردستان لە ئاستی جیهانی زانی.

«هیجری» لە ڕاپۆرتەکەدا بە تێروتەسەلی باسی ئەوەی کرد کە وەدەنگهاتنی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هاتنەسەر شەقام بە شێوەی یەکگرتووانە و بە بەرفراوانی و لە ئاستی هەموو شارەکانی کوردستاندا، جارێکی دیکە سەلماندی کە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئاستی بەرزی وشیاری نەتەوەیی گەیشتووە و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی لە سەرووی هەموو قازانج و بەرژەوەندییەک دادەنێت. ئەم هەستەش بە میرات لە کۆماری کۆردستانەوە بۆ ماوەتەوە کە جێگە و پەناگەی هەموو ئازادیخواز و کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو.

لێپرسراوی گشتی بەوردی دەوری کۆماری ئیسلامی لە هاتنە ئارای ئەم دۆخە لە سووریە و ڕووداوەکانی باس کرد و ڕایگەیاند لە ئەگەری سەرکەوتنی پلانێک کە ڕێژیمی تورکیە بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی سووریە لە ناوچە کوردییەکان دایناوە، هەر دوولا، واتە «ئێران و تورکیە»، گۆڕینی دێمۆگرافیای کوردستانی سووریە و تێکدانی دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانەیان پێخۆش دەبێت.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێران شکستێکی سیاسیی گەورەیە کە سەرەڕای خەرجکردنی بە دەیان میلیارد دۆلار لە داهاتی وڵات و خەڵکی بەشمەینەتی وڵاتەکەی لە سووریە و کوژرانی سەدان کەس لە فەرماندە و سەربازەکانی، ئێستا ڕووسیە و تورکیە دەسەڵات و نفووزیان لەو ناوچەیە زیاد دەکات و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە.

لە کۆتایی باسەکەدا، لێپرسراوی گشتیی حیزب ڕایگەیاند:

«ئەزموونی هێرش و قەڵاچۆکردنی کوردان لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە و مافەکانی کوردیان پێشێل کردووە سەلماندوویەتی کە داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن بە درێژەدانی ئەو سیاسەتە، کوردەکان لە ئاست داوا ڕەواکانیان بێدەنگ بکەن و بەچۆکیاندا بێنن».

بەشدارانی کۆبوونەوەکە وێڕای تەئیدی ڕاپۆرتی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، کۆبوونەوەکەیان بە پێشنیارەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

کۆبوونەوەکە ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٨ کۆتایی پێهات.

# حیزبی دێموکرات: بەرانبەر بە خاک و خەڵکی کوردستان هەست بە بەرپرسایەتی دەکەین

هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان، هەڵوێستی جیاجیای لێکەوتووەتەوە و حیزبی دێموکراتیش لە هەمبەر داکۆکیکردن لە خاک و خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت.
پاش هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی ڕەزبەر ئەم هەڕەشانە بە کردەیی کرانەوە و تورکیە بە تۆپباران و هەروەها بۆمباران کردن لە ڕێگەی فڕۆکە شەڕکەرەکانییەوە هێرشی کردە سەر چەند شار و شوێن کە لە سنووری نێوان کوردستانی سووریە و تورکیەدا هەڵکەوتوون.
ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان بووە هۆی گیانلەدەستدانی چەندین کەس لە خەڵکی سڤیل و هەر بۆیە کاردانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەم هێرشانە دەربڕی.
«محەممەدنەزیف قادری»، جێگری دووهەمی لیپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و هەروەها بەرپرسی دەزگای پێوەندییەکانی حیزب، سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و کاردانەوە بەرانبەر بەم هێرشانە ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات بە هەستی بەرپرسایەتییەوە دەڕوانێتە پرسی داکۆکیکردن لە خاک و خەڵکی کوردستان.
ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانش لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا، داوای ڕاگرتنی شەڕ و وازهێنان لە سیاسەتی هەڕەشە و هێرش و ئامانج گرتنی خاک و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد و ڕایگەیاند کە بە بڕوای ئەوان پرسی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی لە ڕێگای توندوتیژی و هێرشی چەکداری و نیزامی چارەسەر ناکرێت و بگرە ڕێگە چارەسەرە سیاسییەکانیش کوێر دەکاتەوە.
هەسەدە لەمبارەوە ڕایگەیاندووە کە لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا، ٣ شەڕڤان و ٥ هاووڵاتیی سڤیل شەهید کراون.

# پێشمەرگە
# خاوەنداریەتی لە خاکی کوردستان دەکات



لە چیاکانی کوردستان کە پشتیوانی هەمیشەیی شۆڕشی نەتەوەی کوردن، پۆلێک لە لاوانی بە هەستی کوردستان چەکی شەرەف و پارێزگاریی لە خاکی کوردستانیان کردە شان.
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەزبەر لە کەشوهەوایەکی پاییزیدا، دورەی ٢٣٩ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو.
لەو ڕێوڕەسمەدا، بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، فەرماندە نیزامییەکان، کادر، پێشمەرگە و میوانان بەشدار بوون.
سەرەتای ئەوە ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەڕێوە چوو.
دواتر «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.
دوای وتەکانی «قادری» بەشداربوویەکی دەورە بە ناوی «ئاسۆ» پەخشانێکی لە ژێر ناوی «گەڕانەوە» پێشکەش کرد.
پاشان «بوداغ بوداغی» یەکێک لە مامۆستایانی فێرگەوە ڕاپۆرتی پەروەردەی خوێندەوە.
دوای ئەو ڕاپۆرتە، بەشداربوویەکی دەورە بە ناوی «سەرباز» گۆرانییەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.
پاشان پەیامی دەورەی سەرەتایی ٢٣٩ی پێشمەرگە لە لایەن «سۆران» یەکێک لە بەشداربووانی دەورەکە خوێندرایەوە.
دواتر شێعرێک لە ژێر ناوی «هاوڕێ» لە لایەن «هەرمان» ئامادە کرابووە کە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.
لە بەشێکی دیکەدا نەفەراتی یەکەم هەتا سێهەم لە بواری نەزم و دیسیپلین و تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان خەڵات کران کە لە لایەن «محەممەدساڵح قادری» و «موختار سۆهرابی» بەرپرسی فێرگەی فەرماندەیی خەڵاتەکانیان پێ بەخشرا.
لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا شێعرێک لە لایەن پێشمەرگەیەکی شارەوە بۆ ڕێوڕەسمی دەورەکە نێردرابوو کە لە لایەن «قادر سۆفی قوێتاسی» خوێندرایەوە.
لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا شانۆیەک لە لایەن خاتوو «سروە» ئامادە کرابوو کە پیشانی بەشداربووان درا.

# حیزبی دێموکرات لە پرسە و سەرەخۆشیی دوکتور «پێشەوا تاڵەبانی»دا بەشداریی کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی دوکتور «پێشەوا تاڵەبانی»دا بەشداریی کرد.
شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «مستەفا هیجری»، لیپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە پرسەی خوالێخۆشبوو دوکتور «پێشەوا تاڵەبانی»دا بەشدارییان کرد و پرسە و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتیان پێشکەشی بنەماڵەی شێخ «سەلاح شێخ شەرەف تاڵەبانی» کرد.
دوکتور «پێشەوا تاڵەبانی»، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێک لە تێکۆشەرە دێرینەکانی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بوو

# چالاکییەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات لە کوردستاندا بەردەوامە

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز لە دوو چالاکیی جیاواز و بەربڵاودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیان بڵاو کردەوە.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی ڕەزبەر، لە دوو چالاکیی تەبلیغیدا، ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سەقز بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو کردەوە.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شوێنەکانی وەک: «نەشمیلان، سیلۆ، تەپەی شافێعی، فازی دووی فەرهەنگیان، ئوستاد شیرازی (کوشتارگا)، گەڕەکی مزگەوتی حەزرەتی ئەبووبەکر، شاناز، دەرمانگای شەکەرڕیز، شەقامی موعەلیم، دەور مەیدان شاناز، شەقامی سەعدی، حەماڵاوای سەر و خوارەوە، عەباس ئاوا، ماڵە گوڵان، ناو بازاڕ، شارەکی موکریان، چۆمی وەلی خان و شارەکی دانشگا»، سەدان تراکتی تایبەتیان بڵاو کردەوە و دەیان ماڵە جاشیشیان لەو تراکت و ڕاگەیەندراوانە پڕ کرد.
شایانی باسە کە شاری سەقز یەکێک لەو شارانەیە کە جەوێکی نیزامی و ئەمنییەتی بەسەریدا زاڵە و لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە تا ڕادەیەکی زۆر مێلیتاریزە کراوە.

# کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر لە شاری ڕەبەت ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی سێشەممە، ١٦ی ڕەزبەر، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بە ناوی مام «حەسەن ئیسماعیلی»، ناسراو بە «حەسەن حەلیم»، لە شاری ڕەبەت کۆچی دوایی کرد. ناوبراو هەمیشە پشتیوانی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی حیزب بووە. تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە شاری پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پیرانشار ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «ئەیووب محەممەدزادە ئەقدەم»، کوڕی «عوسمان»، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
ناوبراو لە ساڵەکانی ٦٨ هەتا ٧٤ی هەتاوی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. لە ماوەی ٦ ساڵ پێشمەرگایەتی، لە هێزەکانی «قەندیل و پێشەوا»دا ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی بەڕێوەبردووە. کاک «ئەیووب» هەتا دواساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی کوردستان و شەهیدانی کوردستان وەفادار مایەوە. تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی سوورخەڵات

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەر، دایە «ئامینە سەعیدی»، دایکی شەهید «ئەحمەد ڕووزبە»، خەڵکی گوندی «گێڵی کەران»، سەر بە شاری مەریوان، دوای تەمەنێکی پڕسەروەری ماڵاوایی لە ژیان کرد.
دایە «ئامینە» ژنێکی حیزبدۆست و نیشتمانپەروەر بوو کە هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی کوڕەکەیەوە دەکرد و هەتا دواساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەی وفادار مایەوە. شەهید «ئەحمەد ڕووزبە» لە گوندی «گێڵی کەران» لەدایک بووە. ناوبراو دوای هێرشی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان، پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەبێت. ناوبراو بەهۆی لێهاتوویی لە پلەی تەشکیلاتیی کادری دەرجە ٤ی پێ دەدرێت و ئەرکە حیزبییەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد. دەرەنجام شەهید «ئەحمەد» ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە دەرگیرییەکەدا دژی داگیرکەرانی کوردستان لە شوێنێک بە ناوی «دەرەزیارەتی ژووروو»، سەر بە شاری سەقز، تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان دەبێت. گڵکۆی ناوبراو لە «دەرەزیارەتی ژووروو»یە.
تەرمی دایە «ئامینە» لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی دەشتەبێڵ، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
ڕۆژی هەینی، ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد.
کاک «فەخرەدین پەیغامی» کوڕی «زەکەریا» خەڵکی گوندی دۆستەک، سەر بە شاری شنۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە جادەی نێوان ورمێ بۆ شنۆ، گیانی لەدەست دا.
ناوبراو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و گەلدۆست بوو و هەموو کات ئامادەی بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو و هەروەها خەڵکی نیشتمانپەروەری «دۆستەک» دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

میرزا «عەبدوڵڵا زیائی»، کوڕی حاجی «ڕەسووڵ زیائی»، ناسراو بە حاجی «ڕەسووڵ ئاسنگەر»، کۆچی دوایی کرد.
میرزا عەبدوڵڵا کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بوو کە هەموو کات یارمەتیی هەژارانی دەدا. لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، میرزا عەبدوڵڵا لە ڕێگای چەند خزمێکیەوە کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بە نهێنی یارمەتیی هێزی پێشمەرگەی دەدا.
دوای داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، ناوبراو لەژێر گوشاری جاش و خۆفرۆشان، ناچار بوو شاری بانە بەجێ بهێڵێت و بۆ ژیان ڕووی کردە تاران. پاشان ماڵی کاک عەبدوڵڵا لە لایەن ڕێژیمەوە دەستی بەسەردا گیرا.
ناوبراو هەتا دواساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات مایەوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیف

مۆغولەکان و خێڵەکانی دیکە کە بە بڕینی هەزاران کیلۆمێتر دەهاتنە سەر کورد و یان هێرشی خێڵە دڕندە نزیکەکانی وەکوو هەخامەنشی و لەم دواییانەش ئەتاتۆرک و سەددام و خومەینی و ئەسەد، کارەساتیان لە کوردستان دەخوڵقاند و کەس گوێی لێ نەدەبوو یان چەندین دەیەی دەبرد تا خەڵکانی دیکە بیانبیستایە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چ باسە؛ ئێستا بە خێرایی چەند چرکەیەک تاوانباران ریسوا دەکرێن و لە هەموو جیهان دەنگ دەداتەوە. ئەمە و ترسی کۆمەڵگاکانی جیهان لە بڵاوبوونەوەی مرۆڤکوژان و دڕندەکان لە هەموو جیهاندا، دۆخەکەی بردۆتە ئاستی دیکە و کورد دۆستی دیکەی بۆ پەیدا بووە کە بریتییە لە رای گشتیی کۆمەڵگا جیاوازەکان و ترسی سیاسەتڤانان لەو رای گشتییە و ترسی ئەمنیەتیی خەڵک، وەها دەکەن کە کورد دەتوانێ باشتر لە جاران بە دوای دۆستی دیکەدا بگەڕێ. بۆیە، کوردستان و کورد دۆستی دیکەی بۆ پەیدا بووە و دەبێ بیر لە فراوانترکردنەوەی بازنەی ستراتژیکی خەباتی نیشتمان بکرێتەوە و رایەڵەی دۆستەکان بەرفراوانتر و بەهێزتر بکرێ، تەنیا شاخەکان بە دۆست دانەنێین، چوونکە رەنگە ستراتژیی شەڕی دوژمنان ئەوە بێ کە لە شاخدا قەتیسمان بکەنەوە و لەوێدا لەنێومان ببەن. شار و شاخ و رایەڵەی جیهانی بکەین بە کۆڵەکەکانی خەبات تاکوو بە هێز و هزری نوێوە مێژوو بە دەستی خۆمان بنووسینەوە.

خوێنەرانی خۆشەویستی «کوردستان»، پاش هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆسەر کوردستانی ڕۆژاوا، کە بەهۆیەوە تاکوو ئێستە چەندسەد کەس لە هاووڵاتیانی سڤیل و چەندین کەس لە چەکدارانی هێزە کوردییەکانی نیشتەجێ لەم وڵاتە شەهید و بریندار بوون و هەزاران کەسیش ئاوارە بوون، تەلەفزیۆنی «تیشک»، وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پێک هێنا؛ لەبەر گرینگی باسەکە دەقی ئەم وتووێژە کە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەزبەر بڵاو کرایەوە، لێرەدا دەخرێتە بەر چاوی ئێوەی خۆشەویست.




**- پاش کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ناوچە سنوورییەکانی سووریە یا با بڵێین ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، هێزەکانی تورکیە هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ئەم ناوچانە کە کاردانەوەی بەرینی جیهانی بەدژی تورکیە بە دوای خۆیدا هێنا؛ تورکیە بە چ ئامانجێک ئەو هێرشەی ئەنجام دا؟**

تورکیە لەمێژە دوای ئەوەی کە حکومەتێکی یان بڵێین دەسەڵاتێکی خۆجێیی لە کوردستانی سووریە پێکهات، دوای کشانەوەی هێزەکانی سووریە لەو ناوچەیە بە پێکهاتنی ئەو دەسەڵاتە نارەحەت و قەڵس بوو؛ چونکە تورکیە یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە بە پێکهاتنی دەسەڵاتی کورد لە هەموو جێگایەک نارەحەتە، بۆیە هەر لەو دەمەوە لە پیلاندا بوو لە مەجالێکدا کە بۆی بێتە پێشێ بتوانێ هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچەیە؛ ئەو دەسەڵاتە خۆجێییە تێک بدات و دەست بەسەر سنوورەکاندا بگرێ بە مەبەستی ئەوەی کە بۆخۆی باسی کردووە بە درێژایی چوارسەد کیلۆمێتر و بە قووڵایی سی و هەشت کیلۆمێتر داگیری بکات بۆ ئەوەی کە یەکەم، هێزەکانی کوردی سووریە کە تورکیە ئەوان بە تیرۆریست دەناسێ و سەر بە «پی کا کا»ن؛ ئەوانە لەسەر سنوورەکان دوور بخاتەوە و ئەگەر بتوانێ لە بەینیان بەرێ. بێجگە لەوە ئەوەی کە ئیعلامیان کردووە دەیانەوێ کە ئەو ئاوارانەی شەڕی سووریە کە زیاتر لە میلیۆنێک ئاوارە لە خاکی تورکیادایە ئەوانە بگێڕێتەوە لەو بەشەی کە دەیهەوێ دەستی بەسەردا بگرێ لەو جوغرافیایەدا نیشتەجێیان بکات ئەوەی کە تاوەکوو ئێستا ڕایگەیاندووە ئامانجەکەی ئەوەیە.

**– ئایا تورکیە توانیویەتی لەو شەڕەدا بە ئامانجەکانی خۆی بگات؟ یان دەتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ؟**

دیارە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە ئەو ئامانجە بپێکێ بەڵام ئەمن بەش بە حاڵی خۆم پێموابێ لە داهاتووشدا ناتوانێ ئەو ئامانجە بپێکێ چونکە هەر وەکوو لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو هێرشەوە دیتمان، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دونیا بەتایبەت ئورووپا، تەنانەت ئامریکا موخالفی ئەو هێرشە بوون و گەمارۆیان خستۆتەسەر دەوڵەتی تورکیە. بێجگە لەوە واقعیەتەکەی ئەوەیە کە ئەو هێرشە لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا نە یەکەم هێرشە نە دوایین هێرشیش دەبێ؛ بەڵکوو هێرشەکانی دیکەش لە زۆر کۆنەوە هەر لە هێرش بۆسەر کۆماری کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە ئەنفالەکان، زیندەبەچاڵ کردنەکان، هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە دوژمنان بە ئامانجی خۆیان بگەیەنن؛ بەو مانایەی کە کورد لە خەبات بۆ مافەکانی پاشگەز بکاتەوە و بێگومان ئەو جارەش هەر بەو شکڵەی لێدێ. بێجگە لەوە کە داگیرکردنی سنوورەکانی وڵاتێک لەباری یاسای نێودەوڵەتییەوە شتێکی قبوڵ نەکراوە ئەگەر دەوڵەتی سووریە تاکو ئێستا لە وەزعێکی تایبەتیدا بوو، شەڕی گرووپە جۆراوجۆرەکان لەوێدا لە ئارادا بوو، ئێستا وردە وردە وا دیارە بە هەندێ تەوافوقاتی ژێربەژێر خەریکن هێزەکانیان دەگەڕێننەوە سنوور؛ وەختێک بگەڕێنەوە سنوور ئیدی نە سووریە و نە دنیا قبوڵ دەکات کە هێزی تورکیە یان هەر هێزێکی دیکە لەو سنوورانەدا بەو جوغرافیایەی کە دەوڵەتی تورکیە ئیعلامیان کردووە بتوانن لەوێ بمێننەوە، بۆیە من پێموابێ ئاکامی ئەو هێرشە دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ دەوڵەتی تورکیە بەتایبەتی بۆ ئەردوغان و حیزبەکەی (ئاکەپە) چونکە ئێمە دەزانین کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی شارەوانییەکانی تورکیە حیزبی (ئاک پارتی) لەچاو پێشووتر شکستێکی گەورەی خوارد؛ خۆشەویستی ئەو حیزبە دابەزیوە و ئەگەر بەو جۆرەی کە ئەردوغان ڕایگەیاندووە ئەگەر بەو ئامانجانەی کە دیاری کردووە و ئیشارەمان پێکرد ئەگەر بەوانە نەگات بێگومان لەوە زیاتریش دادەبەزێت دە نێوخۆدا دژایەتییەکی زۆرتری دەکرێ و من پێموابێ ئاکامەکەی بێجگە لەوەی کە خەڵکێکی زۆر کوژران و ئاوارە بوون بەڵام بۆ ئەردوغان و ئاکپارتیش بە قازانج تەواو نابێت.

**– بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ ئەگەر ئامریکا هێزەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا نەکشاندبایەوە، تورکیە ئەو هێرشەی نەدەکرد؛ لەسەر ئەم ئەساسە دانڵد ترامپ کەوتە بەر ڕەخنە و گوشارێکی زۆرەوە بەتایبەت لەلایەن سیاسەتمەدارانی ئامریکاییەوە. لە نوێترین کاردانەوەشدا بینیمان کە کۆنگرێسی ئامریکا بە ٣٥٤ دەنگی ئەرێ بەرامبەر بە ٦٠ دەنگی نا ئیدانەی سیاسەتی ترامپی کرد. لێرەدا دوو پرسیار دێتە گۆڕێ: یەکەم ئەوەیکە ترامپ، ئەگەرچی دەیزانی دژکردەوەی لەم چەشنەی دەبێ، بۆچی ئەو کارەی کرد و دووهەم ئایا ئیدانەکردنی ئەم سیاسەتەی ترامپ لەلایەن کۆنگرێسەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی سوریە دەبێ؟**

لە وڵامی پرسیاری یەکەمتاندا دەبێ بڵێم کە سیاسەتی ترامپ لە سەردەمی تەبلیغاتیی هەڵبژاردنەوە کە هێشتا نەبوو بە پرێزیدێنت ئەوە بوو کە هێزەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و لە شوێنەکانی دووری دنیا کە شەڕی بێکۆتایی تێدا هەیە دەکشێنێتەوە؛ هەر لە ڕاستای ئەو سیاسەتەشدا دەبینین کە حکومەتی ترامپ لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا دانوستانێکی چڕوپڕیان لە ئەفغانستان لەگەڵ تاڵەبان بووە، بۆ ئەوەیکە بەڵکوو بتوانن لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان بتوانن بە تەوافوقاتێک بگەن کە دەستی ئاوەڵا بێ. ترامپ بۆ ئەوەی کە هێزەکانیی خۆی بکشێنێتەوە هەرچەند تاکوو ئێستا تێیدا سەرکەوتوو نەبوون بەڵام ئەو دانووستانە هەر بەردەوامە. لە سووریەش چەندین مانگە ترامپ ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هێزەکانی خۆی لەوێ لادەبات، پێشتریش جارێک ئەو بڕیارەی دا بەڵام لەژێر ڕای گشتی ئامریکاییەکان بەتایبەتی و دونیا پەشیمان بوویەوە، بۆیە ئەو کشانەوەیە بە بۆچوونی من چاوەڕوانکراو بوو. هێزەکانی کوردی لەوێ دەبا ئەوەیان زانیبا کە ترامپ هێزەکانی خۆی دەکشێنێتەوە بەڵام دیارە تەبیعییە ئەوە لەگەڵ موخالفەتی بەشێکی زۆری دنیا بەتایبەت ئورووپا و ئەمریکا ڕووبەڕوو بوو. لە ئامریکادا مەجلسی نوێنەران بە ژمارەیەکی زۆر بە ٣٥٤ دەنگی موخالفی کشانەوەی هێزەکان و تەنیا ٦٠ دەنگ لەوێدا موافقی ئەوەبوون ئەو کارەی ترامپیان ئیدانە کرد و لەوە بەدواش پێموابێ هەر لە ژێر فشاردا دەبێ، بەڵام ئەگەر واقعیەتەکە لە نەزەر بگرین لە کۆتاییدا ڕۆژێک ئەو هێزانەی ئامریکا لەوێ هەر دەکشانەوە من لەو باوەڕەدام کە ترامپ ئەو وادە و بەڵێنانەی کە لە سەردەمی هەڵبژاردندا بە خەڵکی دابوو ئەوانە یەک بە یەک خەریکە جێبەجێیان دەکا؛ کشانەوەی سەربازەکانی ئامریکا لە مەنتەقە شەڕاوییەکان ئەوە یەکێک لەوانەیە کە دەیکا ئەگەر وای دابنێین کە لەژێر فشار و زەبروزەنگی ڕای گشتی و بەتایبەت هی ئامریکاییەکان و کۆنگرێسدا هێزێکی زۆر کەم لەوێدا بهێڵێتەوە بەڵام دواجار ئەوانە دەکشێنێتەوە چونکە ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە ترامپ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە پێشە و ئەو وەعدانەی کە بە خەڵکی داوە جێبەجێ کردنەکەیان تەئسیری دەبێ لەسەر ڕای خەڵک بۆیە بۆ ئەوە هەوڵ دەدات هەرچەند لەگەڵ ئەوەش بێگومان بەشێک لە خەڵکی ئامریکا ئەو کشانەوەی هێزەکەیان پێ ناخۆشە، بەڵام بەگشتی خەڵکی ئامریکا پێیان خۆشە سەربازەکانیان لەو شوێنانەی کە پڕ لە شەڕ و شوورە و لە واقعدا دوورنمایەک لە ئاشتی و سوڵح نییە پێیان خۆشە هێزەکانیان بکشێننەوە.

**– ئایا دەتوانین بڵێین بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سوریە جۆرێک چراسەوز بوو بە تورکیە تاکوو هێرش بکات؟ ئەمە مەسەلەیەکە کە هەنووکە لە سەقامی کوردیدا باسی لێوە دەکرێ**

ژێربەژێر لە نێوان ئەو هێزانەی کە لە سوریەدا دەسەڵاتدارن تەوافوقاتێک هەیە؛ یەکێک لەو شتانەی کە گومانی لێ دەکرا کە تەوافوقی ژێربەژێر بووبێ ئەوەیە کە کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە کوردستانی سووریە بە مانای چرا سەوزێک بێ کە ئەردۆغان هێرش بکا بەڵام ئەو بۆچوونە دروست نییە؛ چونکە لە نامەیەکدا کە بڵاوبۆتەوە ترامپ بۆ ئەردوغانی نووسیوە دەردەکەوێ کە ترامپ موافقی ئەو هێرشە نەبووە و ئێستاش موافق نییە و هەر بەو بۆنەوە تەهدیدی ئەردۆغان دەکا لە ژێر گەمارۆی دادەنێ و هەڕەشەی لێدەکا کە ئەگەر ئەوەی ئیدامە بدات لەوە زیاتریش دەکەوێتە ژێر زەخت و فشارەوە.

**– پاش بڕیاری دەوڵەتی ترامپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە سوریە و هێرشی تورکیە بۆسەر کوردستانی ڕۆژاوا، ئێمە بینیمان کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان و چەندین وڵاتی ڕۆژاواییش ڕێپێوانی ئێعترازی وەڕێ خرا و تێیدا خەڵک درووشمی «مرگ بۆ ئامریکایان» دەوتەوە و ڕەخنەیان لە بێدەنگی جیهانی هەبوو. دروشمێک کە کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەوام وتوویەتەوە. لێرەدا دوو پرسیار دێتە ئاراوە: یەکەم ئەوەیکە ئایا وتنەوەی درووشمی لەو چەشنە بەواتای دووبارەبەرهەمهێنانەوەی ئەو ئایدیۆلۆژییانەی کۆماری ئیسلامی نییە؟ و دووهەم ئایا ئەو بۆچوونە لە جێی خۆیدایە کە خەڵک دروشمی «مرگ بۆ ئامریکا» هەلبژێرێت؟**

لە ڕاستیدا ئەمن پێموایە کورد بەو ئەزموونەی کە لە ڕابردوودا بوویەتی، لە مێژووی خۆیدا بوویەتی نابێت بە حەرەکەتێک کە لایەنێک موافقەتی لەگەڵ دەکات، لایەنێک پشتیوانی لێدەکا، ئەوە بە دۆست و دڵسۆزی دائیمی بزانێ پێی وای بێ ئەوە دایک و برایەتی و بۆ هەمیشە بە پشتیوانی دەمێنێتەوە؛ ئەوە لایەنێک، لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە کە ڕۆژێک یەکێک لە هێزەکانی بڕیاربەدەستی دونیا بەتایبەتی دەوڵەتێکی وەکوو ئامریکا پشتیوانییەکی کرد یان هێزی خۆیی گەڕاندەوە یا کارێکی کرد کە بە دڵی کورد نەبوو نابێ ئیدی پێی وابێ ئیدی دونیا ڕووخاوە و ئامریکا پشتی تێکردووە یا ئەو دەوڵەتە پشتی تێکردووە و بیهەوێ دە واقعدا ئەو ڕابتەیە کە هەیە ئەگەر لە هەندێک مەرحەلەدا بڕێکیش ئەو پەیوەندییانە زەرەر ببینێ دروشمی «مەرگ» بدا بۆ ئەو لایەنانەی کە هەمیشە کورد ئیحتیاجی پێیە بەتایبەتی پێم خۆشە لێرەدا ئیشارە بە ئەو دروشمانە بدەم کە لە ڕۆژهەڵات خەڵکی خۆشەویستی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پێوەندی لەگەڵ خۆڕاگری ڕۆژئاوا و بۆ پشتیوانی لەوان کردییان. لە یەک دوو ڕۆژی سەرەتادا لە دوو سێ جێگا ئەو دروشمەیان دا من بۆخۆم پێموایە کە ئەو دروشمە لەلایەن هەندێک لە عەواملی ڕێژیمەوە خرا بەردەمی خەڵک؛ خەڵکیش کە ئیحساساتی بوو ئەو دروشمەیان دووبارە کردەوە هەر وەکوو ئیشارەتان پێکرد ئێمەی کورد بە گشتی و بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات نابێت لە درووشمی «مەرگ بەر» ئیستفادە بکەین بەڵکوو زۆر دروشمی دیکەی پێشکەوتنخوازانە و زۆر دروشمی دروست هەیە کە ئێمە دەتوانین بیدەین. ئەو دروشمانەی لە زۆربەی شارەکاندا کە ڕێپێوانیان دەکرد دایان وەکوو دەربڕینی پشتیوانی لە ڕۆژئاوا و نیشاندانی ئەوەیکە کوردی ڕۆژهەڵات بەو ئاگاهی و زانایییە سیاسییە گەیشتووە کە وەکوو میللەتێک هەر بەشێک لە کوردستان وەکوو میللەتی خۆی حیسابی لەسەر دەکا وەکوو باسی ئەوەیان دەکرد «ڕۆژئاوا تەنیا نییە ئێمەش لەگەڵین» ئەوانە و زۆر دروشمی دیکە لەو پەیوەندییەدا دەتوانین بیدەین. ئێمە لەبیرمان بێ کە دوژمنی سەرەکی ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات و دەتوانم بڵێم کوردی هەموو بەشەکانی دیکە، «ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە». دوژمنی ئێمە تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە هیچ لایەنێکی دیکە دوژمنی ئێمە نییە، بۆیە دروشمی مەرگ بەر ئەگەر قەراربێ بدرێ لە ڕۆژهەڵاتدا دەبێ بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بدرێ نە هیچ لایەنێکی دیکە.

**– هەر لەو چوارچێوەدا پێم باشە ئاماژە بە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بکەین کە دژایەتی خۆی بەرامبەر بە هێرشی تورکیە، هەڵبەت بە زمانێکی نەرم دەربڕی. هاوکات حەسەن ڕوحانیش ڕایگەیاند: تورکیە هەندێ**

**نیگەرانی له باکوری سوریەدا هەیه که ئێمه لەگەڵ ئەم پرسه کیشەیەکمان نییه و دەرکی دەکەین! ئەم هەڵوێسته چۆن دەبین؟**

ئەوەیکه ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی له قسەدا ڕایدەگەیەنێت له کرداردا شتێکی دیکه ڕەچاو دەکا و زۆرتر قسەکانی بۆ ڕاگرتنی ڕواڵەته و بۆ مەسرەفی داخلییه بەڵام له عەمەلدا ئێمه هەمیشه دیومانه ئەوەی دەیکا لەگەڵ قسەکانی جیاوازی هەیه. سەبارەت به مەسەلەی ڕۆژئاواش من هیچ گومانم نییه ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران به بوونی دەسەڵاتی خۆجێیی له ڕۆژئاوا قەڵسه، پێی نارەحەته و له ڕابردووشدا هەر پێی نارەحەت بووه، بۆیه حەتمەن پێی خۆشه که تورکیه ئەگەر بتوانێ به هێزەکانی ئەو ئامانجه بپێکێ که ئەو دەسەڵاته تێک بدات؛ لەوەدا من بەش به حاڵی خۆم گومانم نییه بەڵام لایەنێکی دیکەی مەسەلەکه لەبەر چاوبگرین ئەوەیه که ئەگەر موخالف بێ نه لەبەر ئەوەیکه هێرشی کردۆته سەر ڕۆژئاوا بۆ تێکدانی ئەو دەسەڵاته و ئەو ئامانجەی که تورکیه باسی دەکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەیه که کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەمەی ڕۆژئاوادا گەورەترین سەرمایەی داناوه، به میلیاردها دۆلار خەرجی کردووه بۆ پشتیوانی کردن له بەشار ئەسەد، ژمارەیەکی زۆر له ئەفسەر و سەربازەکانی لەو شەڕانەدا کوژراون، تەنانەت ئەوانەی که کوژراون لەوانەی تورکیه و هی ڕووسیه زۆر زۆر زیاترن؛ بێجگه لەوە تەواوی حەیسیەتیی خۆی لەسەر ئەوە داناوه که ئەو وەزعیەته بپارێزێ بەو هیوایەی که قازانج و بەر و میوەی ئەو کاره له داهاتوودا هەڵبگرێتەوە؛ بەڵام ئێستە تورکیه بەو هێرشەی که کردوویەتی ئەگەر سەرکەوتوو بێ یانی لەوێدا دەبێته ئەکتەرێکی ئەساسی و ئەو ڕقابەتەی که ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەیەتی له مەیدانی سووریەدا دەیدۆڕێنێ به تورکیه، چونکه نابێ لەبیرمان بچێتەوە تورکیه و ئێران لەگەڵ ئەوەی که پەیوەندی بازرگانیان هەیه هێندێک دانیشتن و پیلانیشیان هەیه بۆ دژی سووریه و دەیانهەوێ بەو شکڵه جێبەجێی بکەن که بۆخۆیان دەیانهەوێ بەڵام نابێ لەبیرمان بچی که تورکیه و ئێران له خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دوو ڕکابەری ئەسڵی یەکترین، هیچ کام به پەرەگرتنی دەسەڵات و نفوزی ئەوی دیکه ڕازی نییه جا ئێمه دەبێ ئەو ئیعترازەی ئێران لەو خانەدا ببینین که پێی ناخۆشه ئێستا تورکیه لەو سنوورەدا دەیهەوێ دامەزرێ. وەختێک لەوێدا دامەزرا نفوز و دەسەڵاتەکەی له مەنتەقەی کوردنشیندا زیاتر دەبێت و کۆماری ئیسلامی ئێران ده واقیعدا هەنگاوێک لەوێدا دەکشێتەوە. ئێمه دەبێ ئەو قسەیه لەو پەیوەندییەدا ببینین بەڵام ئەو قسەیەی که حەسەنی ڕۆحانی کردوویەتی دەبێ بڵێین مەعمولەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەروا باسی کورد دەکەن، باس دەکەن و دەڵێن ئێمه لەگەڵ کوردەکان دۆستین و وەها تەعریفیان دەکەن که مەبەستییان کوردەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانه! سەیر ئەوەیه که دەوڵەتێک کورد له وڵاتەکەی خۆیدا سەرکوت بکا، له هەموو مافەکانی بێبەشی بکا، ئەوانەی که تێکۆشەری سیاسین ئیعتراز دەکەن تەزاهوراتی ئاشتیخوازانه دەکەن بیانگرن، له زیندانیان بکەن، بەڵام ئیزهاری دۆستایەتی بکا لەگەڵ کوردەکانی دیکه! بۆیه ئەوەشیان وەکوو عەرزم کردی قسەکانی لەگەڵ عەمەل جیاوازه. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەدەسەڵاتی خۆجێیی له ڕۆژاوا ڕازییه و ئیشکالی نییه له نەزەری ئەوانەوە، ئەی بۆ ئیجازه نادات له کوردستانی ئێران، له ڕۆژهەڵات، دەسەڵاتێکی ئەوتۆ پێک بێ؟ هیوادارم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی به عەمەل نیشانی بدا که ئەو قسەیەی ڕاسته، به ئیجازەدان بەوەیکه کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش له جوغرافیایەکدا که بۆخۆیان نیشتەجێن بتوانن دەسەڵاتی خۆجێیی خۆیان هەبێ له چوارچێوەی گشتی ئێراندا که هەموویان بۆ ئەو داخوازییه خەبات دەکەن.

**– وەک ئاماژەی پێکرا، له هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت له کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێپێوانی ئیعترازی بەمەبەستی پشتیوانی کردن له ڕۆژاوا هاته ئاراوه و ڕێژیمیش هیچ پێشگیرییەکی لەم کاره نەکرد. تەنانەت ئێمه بینیمان که له مەجلیسی ڕێژیمدا بەناو نوێنەرانی خەڵکی کورد هاتنه گۆ و دژ به تورکیه و وەک داکۆکی له کوردانی ڕۆژاوا قسەیان کرد. ئایا ئەمەش هەر ئەو خویندنەوەی بۆ دەکرێ؟**

بێگومان. ئەوەی که دەگوترێ له مەجلیسدا یا لەهەر یەک له دامودەزگا و دامەزراوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا له پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا له چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانه. لەبیرمان نەچێ که لەو ڕووداوانەدا مەسەلەن ئەو ڕێپێوانانەی که له ڕۆژهەڵات به بۆنەی پشتیوانی کردن له ڕۆژاوا ڕووی دا دەبینین که ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕاستیدا پێشی ئاوەڵا کردبوون لەبەر ئەوەیکه له ڕۆژەکانی یەکەمدا له هێندێ جێگا به دروشمی مەرگ بەر ئامریکا و مەرگ بەر ئەردۆغان دەستیان پێکرد و ئەو دروشمانەش هاوتەریبی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون، بەڵام کاتێک دروشمەکان گۆڕان به پشتیوانی کردن له خەڵکی سووریه و ئەو دروشمانه له چوارچێوەی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەدەگونجان پێشی خەڵکیان گرت؛ ئێستا دوای تەواوبوونی خۆپیشاندانەکان هەموومان ئاگادارین که فەعالین و چالاکانی ئەو ڕێپێوانانه له شارەکاندا دەیانگرن و دەیانبەنه زیندان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن؛ کەوابوو ئەگەر له مەجلیسی ڕێژیمدا، له مەجلیسی شورای ئیسلامی دەنگێک لەو پێوەندییەدا هەیه زۆرتر هەر له چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدایە. ئەو نوێنەرەی، بەڵام حورمەتم بۆیان هەیه، دیفاع له مافی کوردی ڕۆژئاوا دەکا ناتوانێ بەو جۆره دیفاع له مافی کوردی ڕۆژهەڵات بکا.

**– بەگشتی پێتان وایه ئێستە ئێران له کوێی هاوکێشەکانی سووریەدا جێی گرتووە؟ بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی که تاران له ساڵانی ڕابردوودا تێچوویەکی سەرسووڕهێنەری بۆ دزەکردنە نێو سووریه داوه. هاوکات ئایا کشانەوەی ئامریکا نابێتە هۆی قایمتربوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی له ناوچەدا؟**

ئەوەیکه ئێستا ڕوودەدات له واقیعدا هەڵقولاوی یەک لەحزە نییه بەڵکوو ئەوانه هەموویان کۆمەڵێک له بڕیارات و پلانی ژێربەژێرن که ئێستا وردە وردە سەرهەڵدەداتەوە. پێموابێ هەموومان لەبیرمانه، زۆر لەمێژ نییه، له دەوری مانگێک یان کەمتر لەمانگێک لەمەوپێش، ڕووسەکان ڕایانگەیاند گووتیان هەموو هێزەکانی بێگانه دەبێ له سووریه بکشێتەوە، هێزی بێگانه ئەوەی که ئەودەمی هێشتا تورکیه هێرشی نەکردبوو، ئەوەی که هەبوو چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کەوابوو ڕوسیه مەبەستی ئەویش بوو. پێشتریش له ڕابتە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا ڕوسیه ئیعلامی کردووه ئێستا له مەیدانی سوریەدا. ڕوسیه کایەی ئەسڵی بەدەسته و من وابیر دەکەمەوە که له داهاتوودا دوای ئەوەیکه قانوونی ئەساسی نووسرایەوە و وەزعی سوریه بەرەو ئارامییەکی ڕێژەیی ڕۆیشت، بۆیه دەڵێم ڕێژەیی چونکه بەو زووانه وەزعی سوریه ئارام نابێتەوە، ئەودەمی وردە وردە جێی به ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی له سووریه لێژ دەکەن؛ بەتایبەتی لەبیرمان نەچێ که تاکوو ئێستاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی وەکوو مەترسییەک بۆ سەر ئیسرائیل نیشان داوه و له خاکی سوریەوە، هەرلەبەر ئەوەش بووه که ئیسرائیل وەک بۆخۆیان باس دەکەن به سەدان جار هێرشیان کردۆته سەر بنکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی له سوریه و بەوەی قەڵسن. من پێموابێ بۆ ئەوەیکه ئەو وڵاته ڕووی ئارامی ببینێتەوە دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوێ باربکات، چونکه بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران لەواقیعدا به واتای شەڕ و ئاژاوه و دژی ئارامییه، بۆیه من پێموابێ دنیا و بەتایبەت ڕوسیەش بەو نەتیجه گەیشتووه که ئەگەر بیانهەوێ سەرو سامانێک به وەزعی سوریه بدەن بۆ ئەوەی ئەو وڵاته ئارام ببێتەوە دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوێ لابەن چونکه ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناهێڵێ ئارامیی له مەنتەقەدا هەبێ، بۆیه دەتوانم بڵێم که ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی که گەورەترین سەرمایەی ئینسانی و ماددی له ماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕی نێو سووریەدا داوه بۆ پشتیوانی کردن له بەشار ئەسەد دۆڕاوی ئەسڵی ئەو ئاڵوگۆڕانه دەبێ.

**– شەوی یەکشەممه ٢١ی ڕەزبەر، هەسەدە له ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد که لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی سوریه ڕێک کەوتوون که هێزەکانی سوریه بگەڕێنەوە سەر سنوورەکان. ئەم ڕێککەوتنە به نێوبژیوانی ڕووسیه ئەنجام درا. ئەم سازانه چ قازانجێکی بۆ کورد له سوریه دەبێ؟**

ئەو سازانه له گشتییەتی خۆیدا به قازانج نابینم چونکه تاکوو ئێستاش لەگەڵ ئەوەیکه حکومەتی بەشار ئەسەد لەوپەڕی لاوازی خۆیدایه بەڵام تاکوو ئێستاش ئیعترافی به کەمترین مافی کورد له ڕۆژئاوا نەکردووە بۆیه من ئەو سازانەم وەکوو باش ئەگەر بڵێین پێ باش نییه بەڵام من پێموایه کورد له ڕۆژئاوا لەو هەلومەرجەدا که له بەینی هێزی تورکیه لەلایەک و هێزەکانی بەشار ئەسەد لەلایەکی دیکەوە کەوتبووە ژێر مەنگەنه، بژاردەیەکی دیکەی لەوە باشتری نەبوو؛ نەتیجەکەی له ئایەندەدا چی لێ دێتەوە زۆر زەحمەته ئێستە بمانەوێ قسەی لەسەر بکەین هەتا خودی بەرپرسانی سوریەش لەو سازانه دڵخۆش نین. مەسەلەن بۆ نموونه مەزلوم عەبدی فەرماندەی گشتی هێزەکانی کوردی سوریه له ڕۆژنامەی فارن پالێسیدا باسی لەوە کردووه که «سازش لەگەڵ دەوڵەتی ئەسەد و هاوپەیمانی ئەو و ڕوسیه، بۆخۆی زۆر بەشی ئێش و ئازاری لەدوادا دەبێت»، یانی وا دەردەکەوێ که ئەوانیش دڵخۆش نین بەو سازانه بەڵام هەروەک پێم گوتی بژاردەی دیکەیان لەو هەلومەرجەدا لەبەردەستدا نەبوو.

**– بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کەتوارانەی که باستان کرد، داهاتووی کورد له سوریه چۆن دەبینن؟ ڕەوشی ئەم پارچەی کوردستان چی لێدێت؟**

ئەگەر ئەوەی که من پێشتر باسم کرد، ئەو بۆچوونه، دروست بێ، واته ئەوەیکه ڕوسەکان که لەوێدا دەسەڵاتی یەکەمن ئێستا له سوریەدا، بیانهەوێ ئارامییەک به وەزعی ئەو وڵاته بدەن، سەروسامانێکی پێ بدەن ناچارن لەوەیکه دەبێ کوردیش ڕازی بکەن. ئێستا ئەمن ناڵێم با ماگزیمۆمی داخوازیەکانیان بگەن بەڵام دەبێ لەگەڵیان بسازێن و به هەندێک ماف و حقوقێک که خەباتی بۆ دەکەن بتوانن ئەوانیش ڕازی بکەن؛ بەتایبەتی ئێستا باس لەوەش هەیه که نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی که ئێستا له بەرنامەدایه ئەوانیش بەشدار بکەن. وای دەبینم که ڕووسیه هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی که کوردەکانی ڕۆژئاوا بۆلای خۆی ڕابکێشێ لەبەر ئەوەی یەکەم ئەوەی که باسم کرد بتوانێ وەزعەکه ئارام ببێتەوە لەوێدا، دووهەم ئەوەیکه مەبەستی ڕوسیه ئەوەیه که کوردەکان له ئەمریکا بەتەواوی بکشێنێتەوە و ئەو کەلێنەی که ئێستا کەوتووەته نێوان کوردی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئامریکا، ئەوەی گەورە کاتەوە و بیانکێشێ بۆ لای خۆی بۆ ئەوەیکه بیهەوێ ئەو کاره بکا، که من هیوادارم کوردی ڕۆژئاوا هەموو هێلکەکانی خۆی له سەبەتی ڕوسیه نەنێ، بەڵام ڕوسەکان به دووری نازانم بۆوەی بەو ئامانجەی خۆیان بگەن هێندێک حەق و حقوق به کوردەکان بدەن بەڵام لەهەر حاڵدا ئاڵوگۆڕەکانی که له مەنتەقەدا هەیه، وەزعیەتی لەرزۆکی بەشار ئەسەد دوای ئارام بوونەوە و هەڵبژاردن و ئەوەی که باس دەکرێ قانوونی ئەساسی، من پێموابێ وەزعی کورد حالانیکەم لەوەیکه پێش ئەو ئاڵوگۆڕانەی سوریه، وەزعەکەی باشتر دەبێ بەڵام ئەوە لێرەدا دەمهەوێ پێداگری بکەم لەوەیکه نەزەری من بەستراوەتەوە بەوەیکه که ئایا کورد له ڕۆژئاوادا دەتوانن یەکبگرن که بەداخەوە تاکوو ئێستا لەو شەرایەته سەختەشدا که هەیه نەیانتوانیوه یەک بگرن، بەڵکوو دەسەڵاتێکی خۆجێیی که لەوێ پێکهاتووە دەسەڵاتێکی یەک حیزبی بووه و ئەوە گرفتێکی گەورەیه که من هیوادارم ئەوەش بۆخۆی ببێته هۆکاری ئەوەیکه، بتوانن کوردەکان بۆ ئەوەی له داهاتوودا دەسکەوتی زیاتریان هەبێ، بتوانن پێکەوه کاری هاوبەش بکەن له ڕۆژئاوادا بۆ ئەوەیکه ئەوانەی دۆستی کوردیشن بتوانن یارمەتیان بدەن.

**– ئێمه له چەند ساڵی ڕابردوودا شاهێدی کۆمەڵێک ململانێ و شەڕ و پێکدادانی خوێناوی بووین له سووریه. پێکدادانی زۆر خویناوی و جەرگبڕ که دەیان هەزار کەس تێیدا کوژران و به میلیۆن خەڵکیش ئاواره بوون. تا ئێسته براوەی شەڕەکانی نێو سووریه کێ بووە؟**

من پێموابێ براوەی شەڕی سوریه ڕووسەکانن! ڕووسەکان لەمێژ ساڵه له مێژوودا هەوڵیان داوه بۆ ئەوەی دەستیان ڕابگا به ئاوه گەرمەکانی دەریاکان تاکوو بتوانن لەوێدا ئاڵوگۆڕێک لەسەر وەزعی خۆیان پێک بهێنن. ئێستا سوریه بۆخۆی دەروازەیەکی زۆر باشه بۆ ئەو مەبەستەی که ڕووسەکان هەڵیان بژاردووه؛ بەتایبەت مانەوەی ڕووسەکان یان دەسەڵات و نفوزی ڕووسەکان له سوریه دەتوانێ ببێته یەکەمین هەنگاوەکانی ڕووسەکان بۆئەوەیکه جارێکی دیکه هێز و توانا و سیاسەتی خۆیان بیانهەوێ له ئاسیا و بەتایبەت له خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا جارێکی دیکه پەرەی پێبدەن، که ئەو ئامانجەی ئەوان ئێستا بەدوایەوەن. بۆیه من پێموابێ له نەهایەتدا ڕووسەکان براوەی ئەو گەمەیەن که ساڵانێکی زۆره له سووریه ڕوو دەدا.

**– ئەم وەزعییەتەی که له سوریه هاتووەته ئاراوه، بەتایبەت ئەوەیکه له ١٠-١٥ ڕۆژی ڕابردوودا ئێمه شاهێدی بووین، چ دەرسێکی پێیه بۆ لایەنه سیاسییەکان؟ بەتایبەت به کورد و بەتایبەتیتر بۆ ئێمەی کورد له خۆرهەڵات.**

له واقیعدا هەموو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچه، هەموو پاشەکشەکانی کورد، ئەو دەرسه به ئێمه دەدات، ئەگەر توانای دەرس وەرگرتنمان هەبێ، ئەگەر توانای فێربوونمان هەبێ، له مێژوو و له ڕووداوەکاندا، ئەوەمان پێدەڵێ که بەشێک لەو ئاڵوگۆڕانه که به زەرەری ئێمه دەشکێتەوە پەیوەندی لەگەڵ هەڵەکانی ئێمەی کورددا هەیه، وەکوو ئیشارەم پێکرد یەکێک لەو هەڵانه له ڕۆژئاوا ئەوە بوو که لەباتی ئەوەیکه بەشێوەیەکی دیمۆکراتیک، دەسەڵاتێک پێک بهێنن، دەسەڵاتێک به هەڵبژاردنێکی ئازاد و ئازادی ئەحزاب، بەداخەوە ئەوە نەهاته دی و دەسەڵاتێکی تاکەحیزبی بوو. ئەوە یەکێک لەو دەرسانەیه که به نەزەری من هەموو کورد دەبێ فێری بێت، بەتایبەتی ڕۆژئاوا که زەجر و ئازارێکی یەکجار زۆریان کێشاوه لەماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕی سووریەدا. ئەوە ئەو دەرسەیه که هەم بۆ ئەوان هەم بۆ ئێمەش وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات و کوردەکانی بەشەکانی دیکەش هەر له جێی خۆیدایه، چونکه تاکوو ئێستا ئێمه وەکوو کورد نەگەیشتووین بەو قۆناغه که بتوانین له هەمان کاتدا که جیاوازی بیروبۆچونمان هەیه بەڵام لەگەڵ بوونی جیاوازی بیروبۆچوون خاڵی هاوبەشیشمان هەیه؛ ئێمه لەسەر خاڵه هاوبەشەکان بتوانین یەکگرتوو بین و کاربکەین بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتن و گەیشتن به ئامانجەکانی خەڵکەکەمان. ئێستا هەموو ئەو ڕووداوانه دەری دەخەن که دەبێ له پێناوی ئەو مەسەلەیەدا هەنگاو هەڵگرین من پێموابێ ئێستا دەورانی حکومەتی تاک حیزبی ئەویش به زۆر و زۆرداری تێپەڕیوه بۆیه دەبێ دەستی لێهەڵگرین بەڵام ئەمن پێموابێ دەرسێکی گەورەتر لەوەش بۆ حکومەته داگیرکەرەکانی کوردستانه که دەبێ بیربکەنەوە لەماوەی نزیک به سەد ساڵی ڕابردوودا له هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراودا دەسەڵاتدارەکان هەرچی لەدەستیان هاتووه دژی کورد کردوویانه، به ئەنفال و کیمیاباران و زیندەبەچاڵ کردن و دروست کردنی کەمپی زۆرەملی و کوشتن و برین و ئیعدام و هەمووی ئەوانەوه بگره له ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و مێژوویەکی تاڵی دوورودرێژ هەموو جارێکیش که ئەو کارانەیان کردووه دڵیان خۆش بووه که ئەوە کوردیان سەرکوت کردووه و سەرکەوتوو بوون بەڵام ڕۆژ به ڕۆژ کورد لەسەر مافەکانی خۆی پێداگرتر بووه؛ هیوادارم ئەو دەوڵەتانه ئەوەندە فێربن که لەباتی ئەوەی که ئەوەندە بیر دەکەنەوە و پیلان دادەنێن بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد و وێران کردنی کوردستان، ئێستا که دوای سەد ساڵ تەمرین و دووباره کردنەوەی ئەو سیاسەته غەڵەته تێیدا سەرکەوتوو نەبوون ئەوجار بیر له ڕێکارێکی دیکه بکەنەوە که ئەویش ڕێکارێکه که خەڵکی خۆیان ڕازی بکەن، حورمەت بۆ مافی خەڵك دابنێن، کورد وەکوو نەتەوەیەک له هەموو بەشەکاندا دەیهەوێ له چوارچێوەی وڵاتەکانی دابەشکراودا بمێنێتەوە، مافی خۆی لەوێ بدەنێ ڕازی بێت، بۆ ئەوەی که چیدیکه ئەو شەڕ و وێرانی و کوشتاره دووباره نەبێتەوە .

**– دواقسەتان ڕوو له خەڵک چییه؟**

ئەگەر قسەیەک له ئاخیردا مابێتم بیکەم، سپاسێکی پڕ به دڵ له هاونیشتمانیانی خۆشەویستم له ڕۆژهەڵاتی کوردستانه که به دەنگی هاونیشتمانییەکانیان له ڕۆژئاواوه هاتن، یەکگرتووانه لەژێر زەبروزەنگی ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا هاتنه سەر شەقامەکان، هاواری مافی کوردی ڕۆژئاوایان کرد و دەریان خست که ئەو خوێنەی له لەشی ڕۆژئاوا دەچۆڕێ، ئێش و ئازاری ئەو سەدان هەزار و دەیان هەزار ئاواره و دەربەدەری ئەو هێرشەی تورکیه له ڕەگ و ئێسکی ئەواندا دەردەکەوێ، بۆیه وا هاواریان لێ هەستا و هاودەردیان کرد لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیان له ڕۆژئاوا. من دەسخۆشیان لێدەکەم و پیرۆزباییان لێدەکەم بۆ ئەو ئاگاهی و ئەو بەرزی حسی نەتەوەییەی که هەیانه، هیوادارم ئەوە ڕۆژ به ڕۆژ له پەرەگرتندا بێ.



# هەڕەشە لە سەر خاکی کوردستان

کەیهان یووسفی

دوای چەن مانگ هەڕەشە و گوڕەشەی تورکیە، وێڕای دژایەتی بەربڵاوی نێونەتەوەیی، ترامپی سەرۆك کۆماری ئامریکا بە کشانەوەی هێزەکانی، ڕزایەتی خۆی بۆ پەلاماری تۆرکەکان دەربڕی و ئەوان بە خوێندنی سوورەتی فەتح بە تۆپ و چەکی قەدەخەکراو هێرشی خۆیان دەست پێکرد.

پازڵی شەڕی سووریە، لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا گۆڕەپانی شەڕێکی فرەلایەن و هەمەلایەنە. شەڕێك کە هەموو لایەك دەیهەوێت براوەی بێت.

هیلالی شێعی و ڕووس، لیبراڵی ڕۆژئاوایی، ئیخەوانی تورکی و قەتەری، وەهابیەتی سعوودی، ئیسلامی ڕادیکاڵی ئەلقاعیدە و داعش، ئیسرائیل و کورد . هەرکەسەو دەیهەوێت لەم گۆڕەپانەدا براوەی ئەم شەڕە بێت.

بەرەنجامەکان نیشان دەدەن بەشار ئەسەد، کە لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش لەم وڵاتەدا، گریمانە دەکرا دۆڕاوی ئەم شۆڕشە بێت، براوەی شەڕەکەیە. براوەکەشی قەرزداری ڕێژیمی ئێران و گرووپە تیرۆریستە هاوپەیمانەکانی لە ناوچە و دەوڵەتی ڕووسیایە.

ئامریکا و ڕۆژئاوا هەر لەسەرەتای ئالۆزییەکانی ئەم وڵاتەدا بە دوای کاراکترێك دەگەڕان کە بۆ ڕۆڵگێرانی خۆیان پشتی بگرن. سەرەتا پشتی سوپای ئازادی سوورییان گرت، بەڵام دوای لێکدابڕان لە نێو ئەم گرووپە و دەرکەوتنی چییەتی گرووپەکە و بەستراوەیی بە ئایدۆلۆژیای توندئاژۆی ئیسلامی و ئیخەوانی تورکی و ... پشتیوانیەکانی خۆیان کەم کردەوە. سەرهەڵدانی داعش باشترین بیانوو بوو بۆ ڕۆڵگێڕی ئامریکا و هاوپەیمانان. کایەیەك کە دەرفەتی دەرخساند ئەوان ببنە کاراکتەری سەرەکی شەڕەکە. بەرخۆدانی شەرڤانان لە شاری کۆبانی و هەڵخراندنی بیروڕای گشتی جیهان بە نیسبەت قارمانیەتی کوردان وایکرد کە هاوپەیمانی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئامریکا، پاڵپشتی یەپەگە بکات و ئەم هێزە ببێتە تاقە گرووپێك کە ڕۆژئاوا لە سووریا بتوانێ بۆ لە ناوبردنی داعش حسێبی لەسەر بکات و یازدە هەزار شەرڤانی کورد و سووری لەم ماوەدا شەهید بوون.

لە سەرەتای بەرزبوونەوەی نارەزایەتیەکانی سووریا، هێزەکانی سوپای بەشار ئەسەد ناوچە کوردییەکانیان چۆڵکرد و ڕادەستی هێزەکانی پەیەدیان کرد. پەیەدە هەر زوو هێزێکی سەربازی زۆری پێك هێناو و بە هۆی شەڕی داعشەوە بەهێزتر و ڕێکوپێك تر بوو.

لەو ساتانەدا ئۆردۆغان یەکێك لەو سەرۆك وڵاتانە بوو کە بە ئاشکرا خوازیاری لە ناوچوونی دەسەڵاتەکەی ئەسەد بوو و دەرگای سنوورەکانی بەرەوڕووی هێزی دەرەکیدا کردەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی ئەسەد بڕوخێنێن.

ڕادەستکردنی ناوچە کوردییەکان بە پەیەدە لە لایەن دەسەڵاتی ئەسەدەوە کە درێژایی سنووری تورکیەی دەگرتەوە بەم تێگەیشتنە بوو کە ئەم هێزە بە هۆی گرێدراوی ئایدۆلۆژیا بە پ ك ك وە هیچ کات حازر نییە کە لە گەڵ تورکیە بە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد سازان بکات و لانیکەم لەم بەرەوە تورکیە ناتوانێت هەوڵی لاواز کردنی ڕێژیمی سووریە بدات. ڕاستیەکان وا بوون، بۆ کوردەکان ئەگەر بەشار ئەسەد دوژمن بوو، تورکیەش هەروەها. داعیشیش ئاراستەی هێرشەکانی بۆ پەرەپێدان بە قەڵمڕەوی خیلافەتەکەی بەرەوڕووی ناوچەکوردەییەکان کردبوو.

کورد لە نێوان سێ کوچکەی دوژمنەکانیدا گەمارۆ درابوو، بەشار ئەسەد، تورك وگرووپە هاوپەیمان سووریەکانی و داعش و جیهادییەکان.

ئامریکاش نەك لە بەر چاوی ڕەشی کورد و لەبەر پاراستنی هێژمۆنی خۆی بوو بە پاڵپشتی کوردەکان.

لە ساڵی ٢٠١٤ تا هەنووکە و بە خوێنی کورد، هەڕەشەی داعش بە ڕووخانی خیلافەتەکەیان لەشاری ڕەقە بە شێوەی کاتی لە ناوچووە.

دوای نەمانی هەڕەشەی داعش بۆ سەر کۆمەڵگای جیهانی ، تورك دەرفەتەکەی قۆستەوە، دەوڵەتی تورك ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانی ستراتژی ئامریکا لە ناوچەکەدایە، کە بە هۆی هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلتیکی ئەم وڵاتە لە ناوچەکە، کارتی زۆری بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە ئۆرووپای ئیدیعاکەری دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ و ئامریکای زلهێز بەدەستەوەیە.

کارتی هەناردەکردنی پەنابەر بۆ ئۆرووپا و ئینتما بۆ لای بەرەی ڕووس و ئێران .

بێ شك سیاسەتی ئامریکا لە ناوچە ڕاگرتنی باڵانسی هێزە. ئەم باڵانسە دەبێت لە نێوان سێ هێزی سەرەکی ناوچەکە واتا سعوودی، ئێران و تورکدا ڕابگیردرێت. هەر بۆیەش پشتکردن لە تورکیە لە لایەن ئامریکاوە بەواتای تێکدانی ئەم نەزمەیە کە ئامریکا خوازیاری ڕاگرتنیەتی.

بۆیە ئامریکا ملکەچی خواستی سوڵتان دەبێت و چرای سەوزی بۆ هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوا هەڵ دەکات.

ئۆردووغان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ناوخۆیی خۆی پێویستی بەم پەلامارە بوو.

پەلامارێك کە زۆربەی هەر زۆری تورکەکان پشتیوانیان لێکرد و کوردەکانی ئەم وڵاتەش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرانبەری بێ دەنگ بوون.

تورك هەروەك خۆشیان بانگەشەی دەکەن خوازیاری دروستکردنی زۆنێکی ئەمنیەتی لە سنوورەکانی خۆیان لە گەڵ ڕۆژئاوا بەقووڵایی ٣٢ کیلوومێتر و درایژیی ٤٠٠ کیلوومیتەرن. ئەوان بە هیچ چەشنێك حازر نین کە بوونی کیانێکی کوردی لە ڕۆژئاوا لە تەنیشت خۆیان قەبووڵ بکەن.

پشت کردنی ترامپ بە کوردەکان کە وەکو و خیانەت لە بیروڕای ئەمریکی و نێونەتەوەییدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، توانی سۆزێکی زۆر بۆ لای کوردەکان دروست بکات و کورد بکاتە تایتڵی یەکەمی هەواڵنێرییەکان.

کوردەکان وەك پەرچەکردارێك ڕوویان لە ئەسەد و ڕووسیا کرد بۆ بە هاناهاتنیانەوە بۆ پێشگیری لە کۆمەڵکوژی و داگیرکاری تورکەکان.

دەوڵەتی ترامپ لە ژێر گوشارەکاندا بە ئاگربەسێکی ٥ ڕۆژە لە گەڵ تورکیە ڕێکەوتن کە ئەوەش ڕادەستکردنی ئەو خاکە بوو وا تۆرك داوای دەکات بیکاتە زۆنێکی ئەمنیەتی.

تورك دەیهەوێت دەسەڵات و حکوومەتە ساواکەی کوردەکان بڕوخێنێت و دەوڵەتی بەشار ئەسەدیش تا هەنووکە دانی بە بوونی کیانێکی سیاسی کوردی لە باکووری ئەم وڵاتەدا نەناوە.

نیگەرانیەکانی ئۆرووپیەکان و ئەمریکیەکان و سۆزی زیاتریان بۆ کوردەکان لە مەڕ ١٢ هەزار شەڕکەرە دیلە داعشیەکەیە کە لە دەستی کوردەکانن. کارتێك کە ئۆردووغان بە بۆردمانی شوێنی ڕاگرتنی ئەم دیلانە دەیهەوێ هەم ئەم کارتە لە دەستی کوردەکان دەربێنێ و هەمیش وەکوو دژی کوردەکان، بەشار ئەسەد و ڕۆژئاواش بەکاری بێنێ.

ئامریکا نایهەوێت تورکیەی لێ دوور بکەوێتەوە.

کوردەکان ناتوانن بڕوا بە ڕووس و بەشار ئەسەد و ئێران بکەن، سیاسەتی ئێران لەمەڕ ڕۆژئاوا هەمان سیاسەتی تورکە.

کۆمەڵگای جیهانی نیگەرانی داعشە دیلەکان و بەها مرۆییەکانەتی. کورد ئەگەر دۆڕاوی ئەم شەڕە نەبێت، دیسانەوە قوربانی ئەم شەڕەیە.

ڕاستییەکی تاڵ لەم شەڕەدا بوونی هەیە. ڕاستیەك کە زۆر لایەن و کەس دەیهەوێت ئێستا باسی لە سەر نەکرێت. ئەویش نەبوونی هاودەنگی گوتاری کوردی بوو.

بەشێکی زۆری کوردەکان لەم هەشت ساڵەی ڕابردووەدا لەم یەکە سیاسیە کوردییەدا بێبەش کرابوون و هیچ ڕۆڵێکیان پێ نەدرا.ئەمڕۆکە ماڵی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژئاوا یەکە و کوردان هاودەنگ و پێکەوە دژی هێرشی تورك وەستانەتەوەو بەڵام ماڵی کورد لە ڕۆژئاوا یەك نەبوو و نیە.

ئەمەش خاڵی لاوازی هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسی و وڵاتێك لەبەرانبەر دوژمنەکانیەتی. پازڵی ڕۆژئاوا زۆر ئاڵۆزە. تورکیە بە هیچ شێوەیەك ڕزایەت نادات کە یەپەگە و هێزەکانی لە سەر سنوورەکانی بن. ئامریکاش نیشانی داوە کە لە پشتی تورکە بۆ ئەم مەبەستە. ڕەنگە ڕووس و سوورییەکان سنوورەکان بگرنەوە دەست کە ئەمیش دەتوانێت داهاتوویەکی ناڕوونی بۆ کورد و خواستەکانی لەم وڵاتە بە دواوە بێت.

بەداخەوە نەبوونی یەکگرتوویی ناو ماڵی کورد وایکردووە کە ئێمە هەر لە تراژدیادا بژین و هەر تراژدیاشمان بە سەردا بێت.

بەڵام تراژدیاکان وێڕای هەموو تاڵبوون و بەزامبوونیان تاهەنووکەش نەیان توانیوە کورد بتوێننەوە و تەنانەت کوردیش وانەی لێوەر نەگرتوون.

تراژدیای کورد،ڕاستیەکی تاڵی ڕۆژهەڵاتی ناقینە.

کوردەکان گەردۆستیشان بێت بەداخەوە خۆیان دۆستی خۆیان نین.

**پازڵی شەڕی سووریە، لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا گۆڕەپانی شەڕێکی فرەلایەن و هەمەلایەنە. شەڕێک کە هەموو لایەک دەیهەوێت براوەی بێت.**

# خوێندنەوەیەک لە سەر درووشمی «ڕۆژاوا ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە»

ئارش ساڵح

لەم ڕۆژانەدا و لەگەڵ ڕژانە سەر شەقامی جەماوەری کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتگری لە ڕۆژاوا، درووشمێک کە زیاتر لە هەرشتێک گوزارشتی لە ویستی دەروونی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەکرد دروشمی «ڕۆژاوا ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە» بوو.

گەلی ڕۆژهەڵات تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانن بەو هەست و خرۆشەوە بێنە سەرشەقام کە بتوانن هەست بەوە بکەن کە کێشەیەک کە لە ڕۆژاوایە کێشەی ڕاستەوخۆی ئەوانە و کاریگەری ڕاستەوخۆ و گەورەی لەسەر ژیانی ئەوان دەبێت.

نەتەوەکان زیاتر لە هەرشتێک بە خەمی هاوبەش پێک دێن. ئەو کاتەی کە ئێرانییەکان سەرخۆشی چوونی ژنەکان بۆ وەرزشگای ئازادی بوون، گەلی کورد لە هەر چوار پارچە خەریکی دەستەملانێ لەگەڵ یەک خەمی هاوبەش بوو. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گەلی فارس یان ئێرانی، چارەنووسی خۆی لە گەلی کورد بە جیا دەزانێت و خەمی کورد بە خەمی خۆی نازانێت.

گرینگترین خەمی هاوبەش کە پاڵنەری ئەکتی سیاسی هاوبەشە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی ئەو نەتەوەیە ئەو هەستە هاوبەشەیان تێدا درووست بێت کە ئەوان وەک یەک نەتەوە پەراوێز خراون، بوونیان وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە فەرمی ناناسرێت و لەئاکامدا بێبەری کراون لە مافی چارەی خۆنووسین. بۆیە لە ئاکامدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەباشی لەگەڵ گەلی خۆی لە ڕۆژاوا هەستێکی هاوبەشی هەیە، ئازارێکی هاوبەش وەک دووانەیەک کە ئەگەر ئازاری یەکێکیان بدرێت، ئەوی تریان هەمان ئازار هەست پێدەکات بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئازار درابێت. درووشمێک کە گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵات دەیدات دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کوردی ڕۆژهەڵات پێی وایە وەکوو نەتەوەیەک ڕێزی مرۆڤێکی ئازادی لێ زەوت کراوە. زەوت بوونی ئەو ڕێزە لە ڕۆژاوا، هەمان کاریگەری لەسەر دەروونی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێت کە پێشێل بوونی ئەو ڕێزە لە باشوور، باکوور یان ڕۆژاوایە. ئەمە بنچینەی یەک نەتەوەبوون دەردەخات. لەلایەکی ترەوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ چەندین ڕووداو و کارەسات ڕووبەڕوو بۆتەوە کە جاران چەندین جیل تەنیا یەکێک لەو ڕووداوانەیان دەبینی.

ئەمڕۆ ئەو جیلانەی کە تەنانەت لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکوتی دوای شۆڕشی پەنجاو حەوت، هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەوی باشوور، تیرۆری ڕێبەران و نسکۆ و دابەڕانی حیزب و هەستانەوەی ڕاسانیان بینیوە لە ژیاندا ماون و ئەو ڕووداوانە لە کۆڵی ئەزموونی خۆیاندا دەبینن. بۆ گەلێک کە زۆر عادەتی بە نووسین و خوێندن نییە، ئەزموون کردنی ڕووداوەکان بایەخی زۆری هەیە؛ واتە، ئەو ئەزموونە وا دەکات ئەو کۆمەڵگایەی تێگەیشتنێکی شهوودی باشتر لە خودی خۆی، شوناسی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەدەست بێنێت.

هەر لە بەر ئەم هۆکارە ئەمڕۆ گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵات دەرکێکی شهوودی باشی بە نیسبەت ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بەدەست هێناوە.

ئەو تێگەیشتنە وادەکات کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بزانێت کە مەترسی لەسەر ڕۆژاوای کوردستان دەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ سەر مانەوەی کورد و بەردەوامی خەبات لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

لە ڕاستیدا ئەمڕۆ تورکیە وا هەست دەکات کە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو حوکم دەکات کە بۆ ماوەی سی کیلۆمێتر بچێتە قووڵایی خاکی ڕۆژاواوە، بەڵام یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە پێویستە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە مانەوەی تورکیە لەوێ، ئاسایشی نەتەوەیی ئەو تووشی گۆڕان و مەترسیگەلێکی تر لە لایەن فاکتەری کوردەوە دەکات کە پێویستی بەوە دەبێت کە بەردەوام بێت لە پەرەدانی سیاسەتی ئیمپراتۆریی خۆی و هێرش بو سەر کورد.

هەروەها سەرکەوتنی ئەم هەوڵەی تورکیە خاوەنی ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینە لە داهاتووی کوردستانی ئێران دەبێت کە ڕێبەرایەتی سیاسی گەلی کورد نابێت خۆی لە ناسینی ئەو مەترسییانە بدزێتەوە.

لە ڕاستیدا سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە وا لە تورکیە دەکات کە لە داهاتوودا بە ئاسانی بتوانێت لە بەر هۆکاری فاکتەری تورک مەترسی سەرەکی تووشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی لە ڕۆژهەڵات و بە بیانووی فاکتەری کورد پەرە پێ بدات.

ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی و ناوچەیی لەگەڵ تورکیە و سەپانی گەمارۆ بەسەر ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی شکڵگرتنی دوو جەرەیان لە سیاسەتگوزاری تورکیەدا؛ یەکەمیان مەوداگرتن لە ئامریکا و ڕۆژاوا و دووهەمیان داخستنی پانتایی سیاسەت لە ناوخۆ و نزیکتربوونەوە بە دەوڵەتێکی ئاوتۆریتاریەن و دیکتاتۆری. لەگەڵ نەمانی شەڕی سارد و هێدی هێدی کەمبوونەوەی گرینگی کەمەربەندی سەوز و ڕۆڵی تورکیە، ئەو دوو فاکتەرە واتە مەوداگرتن لە ڕۆژاوا و داخستنی پانتایی سیاسەت و زیاتر ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا نەتەنیا یەکتر تەشدید دەکەنەوە بەڵکوو دەبنە هۆی لاوازتربوونی ئابووریی تورکیا و دارمانی کۆمەڵگا.

ئەمە دەتوانێت ئەو کاتە گرینگ بێتە بەرچاو کە تورکیە بیهەوێ بە کەڵکوەرگرتن لە فاکتەری تورک، مەترسی بخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات. دیارە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات بە تێگەیشتنێکی شوهودی کە لە ژێر کاریگەری خێرایی ڕووداوەکانی یەک سەدەی ڕابردوو بە نیسبەت بوون و شوناس و مەترسییەکانی سەر خۆیان بە دەستیان هێناوە بە باشترین شێوە لەو پێوەندییەدا هەڵوێستیان گرتووە کە لە دروشمی ڕۆژاوا ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە ڕەنگی داوەتەوە.

ئەگەرچی ئەو بەرپەرچدانەوەیە دەتوانێت زۆر کاریگەر بێت لەسەر پەرەپێدانی ئاگایی نەتەوەیی و تێگەیشتنی سیاسی گەلی کورد و تەنانەت ڕاکێشانی سەرنجی دنیا، بەڵام ئەحزابی سیاسی پێویستە لە چوارچێوە سیاسەتی چوار خەباتی سەربەخۆ بۆ چوار بەشی کوردستان باڵانسێک لە نێوان ئەو سیاسەتە و ئەو تێگەیشتنە بدۆزنەوە کە لەسەر عەقڵانیەتی سیاسی بنیات نرابێت. گواستنەوەی ڕاستەخۆ و عەقڵانی نەکراوی ئەو تێگەیشتنە بۆ نێو پێکهاتەیەکی حیزبی دەتوانێت ئاکامێکی پێچەوانەی بە دواوە بێت و ببێتە هۆی پەرەسەندنی ئاراستەیەکی شاعیرانە و شەیدایانە لە سیاسەتی کورددا.

هەر بۆیە تەرجومەیەکی عەقڵانی لەو باسە لە ئەدەبیات و سیاسەتگوزاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا زۆر پێویستە.

دوو بەیانیەی یەک لە دوای یەکی ناوەندی هاوکاری دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەرچی بەشێک لە ئێلیتی سیاسی ئێمە لەگەڵ ڕاستی کۆمەڵگا مەودایان زۆرە بەڵام خواستی ئەوەیان تێدا هەیە کە لە کۆمەڵگا فێر بن.

# فراوانخوازیی سەفەوی و عوسمانییەکان و گرفتەکانی بەردەم ئامریکا

کەیوان درودی

بۆ حەڤدە ساڵ ئەچێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەدوای دڵنیاییەوەیە لە چالاکیی ئەتۆمیی ئێران. ڕێککەوتنی ٢٠١٥ نەیتوانی چارەسەرێکی باش بێ و دانڵد ترامپ بەدروستی بڕیاری هەڵوەشانەوەی یەکلایەنەی بەرجامی دەرکرد.

ئەگەر لە بنەوانەوە سەیری بکەین، باجگیریی تاران لە بارمتە ئامریکاییەکانی لای عماد موغنییەی لوبنانی، ئاخوندەکانی فێری دۆزینەوەی ڕێگەیەکی کەمتێچوو کرد تا بە کارتی هەڕەشە و بارمتە، تەقینەوە و تێرۆر و ئاژاوە، هەم مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن، هەم پەرە بە ڕادیکالیزمی ئایینیی دڵخوازییان بدەن.

ئەوان بەم کایە و بەم سازانی ژێر بە ژێرە، توانستی شەڕی خۆیان بردە سەرەوە و بە تەیاربوونیان بە باشترین پێداویستییەکانی شەڕ، لە ماوەیەکی کورتدا پاشەکشەیان بە سەدام کرد.

لە حاڵێکدا کە جەوادی زەریف ئێستەش لەبەرچاوی دنیاوە باس لەوە دەکات کە ئامریکا نابێ ڕێگر بێ لەبەردەم پەرەپێدانی مووشەکیی ئێران، لەبەر ئەوە کە تاران لە ماوەی هەشت ساڵدا یارمەتیی نەدرا و دەبێ بۆ پێشهاتێکی هاوشێوە، پشت بە توانستی خۆی ببەستێ.

دواتر خۆتێخزاندن لە سووریە، یەمەن و عێراق و ئەفغانستان، کارتەکانی ڕێژیمی ئێرانی زیاتر و بەهێزتر کرد. بەهێز بەو واتایە کە تێچووی لەناوچوونی زیاتر بوو و ئەوەش هەڕەشەکەی لە جاران گەورەتر و سامناکتر کرد.

ئەم هەڕەشە لە تێرۆرەوە بگرە هەتاکوو تێکدانی ڕێڕەوی وزە و هەناردە و هاوردە دەگرێتەوە.

## لێدانی کەشتی، فڕۆکە و پاڵاوگە نەوتییەکان

هەموو ئەم ڕووداوانە لە کەمتر لە چەند مانگی ڕابردوو ڕوویان داوە. بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هاوکات لەتەک ئەم دەسووەشاندنە، زەریف و هەنێردراوانی خامنەیی کەوتنە گەشتێکی گەردوونی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوان و پەردەپۆشکردنی ئۆپەراسیۆنە تێکدەرانەکانی سپای تێرۆریستیی پاسداران. ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆی زەریف لە ئامریکا.

ڕێژیمی ئێران وا فێر بووە لە قەیرانەکاندا دوو ئاراستە بە یەک ڕێوشوێنی هاوبەش بگرێتەبەر.

بە تێرۆری میکۆنۆس، لێدانی بنکەی یەهوودییەکان لە ئارژانتین و تەقینەوە لە بنکەی سەربازانی ئامریکایی، گوتاری گفتوگۆی شارستانییەتەکان ڕوو بە دەرەوە و کردنەوەی کۆمەڵێک دەرگای بێمەترسی وەکوو دیبەیتی ناو زانکۆکان و ... لە ناوخۆ، بەهێنانی خاتەمی دەستی پێکرد.

هەرکات کە ڕێژیمی ئێران تووشی قەیران بووە، هاوکات لەتەک گۆڕینی ڕواڵەتی، ڕووی ڕاستەقینەی لە دووتوێی هەڕەشە و تێرۆردا دەرخستووە. بە جۆرێ کە ئەم کایەکردنە بووەتە چییەتی و ماهییەتی دەسەڵاتی تاران.

پەیڤی ڕوون و ڕاشکاوی ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە دانمان پێدا بنێن، مانەوەمان گەرەنتی بکەن و لە هەڕەشەکانمان پارێزراو بن. لە گەشبینانەترین تێڕوانیندا ئەمە واتای «باج» دەگەیەنێ و ئەوەش بەم کارە هەڵدەستێ «چەتە»یە.

بەڵام ئاخۆ ئەم چەتە تاکوو کەی بەم شێوازە داردەست و بندەستەکانی خۆی قەڵەو دەکات و خەڵک و وڵاتانی پێ چاوترسێن دەکات؟

**لە گەشبینانەترین تێڕوانیندا ئەمە واتای "باج" دەگەیەنێ و ئەوەش بەم کارە هەڵدەستێ "چەتە"یە. بەڵام ئاخۆ ئەم چەتە تاکوو کەی بەم شێوازە داردەست و بندەستەکانی خۆی قەڵەو دەکات و خەڵک و وڵاتانی پێ چاوترسێن دەکات؟**

## تورکیە، ناتۆ، یەکیەتیی ئورووپا و باج وەرگرتن

لە ساڵی دوو هەزار بەملاوە مەیلی بوون بە ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپا لە نێو تورکیە، بەرز بووەوە.

هەنووکەش بەشێک لە کۆمەڵی سیاسی و بەدەنەی کۆمەڵایەتیی لەو جوغرافیایە، ئەو خەونەیان لەسەر لانەبردووە؛ بەڵام ئەمە پێویستی بە لانیکەمی کرانەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاساییە.

ئانکارا بۆ ماوەیەک هەوڵی دا تا بە ڕواڵەت چاکسازی بکات، بەڵام دەسەڵات هەڵگری چاکسازییەکی بنەڕەتیی لەو شێوازە نەبوو. دوایین تێسرەواندن لە لەشی نیوەگیانی چاکسازی، گۆڕینی یاسا و پێکەڵپێک کردنی لەتەک ئایین بوو. هاوکات خەونی ئیمپراتوریی عوسمانی زیندوو کرایەوە و ڕادیکالیزمی تورکی گڕی گرت.

تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بە جۆرێکە کە دەبێ خۆی لە دەرەوەی چوارچێوە و سنوورەکانی ببینێتەوە و بۆ ئەوەش هیچ دیوارێ لە هی کورد کورتتر نەبووە. ڕەنگبێ ئەو ئیمتیازاتانەی کە ڕێژیمی پاشماوەی سەفەویی تاران بە کارتی هەڕەشە بە دەستی هێنابوو، ئانکارای بەو قەناعەتە گەیاندبێ کە بگەڕێتەوە بۆ بناژۆخوازیی سەردەمی عوسمانی.

هەڵبەت ئەوەش شوێندانەر بووە کە پەرەسەندنی دەسەڵاتی ڕەکابەری دێرینیان، واتە سەفەوییەکان، لە کۆتاییدا دەبێتە سەرئێشە بۆیان.

**لەم دواییەدا ئانکارا هەڕەشەی لە ڕۆژاواییەکان کردووە کە ئەگەر لە بەرامبەرمدا ڕاوەستن ئەوە ٣.٦ میلیۆن پەنابەرم لایە کە بە لێشاو دەیاننێرم بۆتان. ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم ئایدیایە بریتییە لە هەمان ئایدیای "دانمان پێدا بنێن، مانەوەمان گەرەنتی بکەن و لە هەڕەشەکانمان پارێزراو بن"**

لەم دواییەدا ئانکارا هەڕەشەی لە ڕۆژاواییەکان کردووە کە ئەگەر لە بەرامبەرمدا ڕاوەستن ئەوە ٣.٦ میلیۆن پەنابەرم لایە کە بە لێشاو دەیاننێرم بۆتان. ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم ئایدیایە بریتییە لە هەمان ئایدیای «دانمان پێدا بنێن، مانەوەمان گەرەنتی بکەن و لە هەڕەشەکانمان پارێزراو بن».

## داهاتوو

لە ئێستەدا چاوی هەمووان لەسەر زلهێزترین وڵاتی دونیایە کە ئیرادەی باڵی بەسەر نەزمی جیهانیدا کێشاوە. بۆ ماوەیەکی دووردرێژە دوو کۆڵەکەی لیبرالیزم و ئازادیی سیاسی دوو پشتوێنەیەکی باش و لەبارن بۆ ئەو وڵاتە تا پێگەی لەلای گەلانی جیهانەوە پارێزراو بێ.

ئەگەرچی ڕەخنە هەبووە، بەڵام بەراوردکاریی نێوان ئامریکا و سیستەمی ڕەکابەرەکانی وەکوو ڕووسیە، چین، کۆرەی باکوور، ڤێنزۆێلا و تاران و دیمەشق، هەتا ئێستە ئیمتیازی براوەی پێ بەخشیوە.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە کەشمیرییەکان، هۆنگ کۆنگییەکان و خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان بە توورەیییەوە ناوی ئامریکایان هێنا، تا شوێنێ کە بە خائینیان ناو برد. ئەگەرچی لە ڕووی ڕیالیزمی سیاسییەوە، خیانەت دەستەواژەیەکی پشتگوێ خراوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو پێگەیە بکەین کە ئامریکا خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئەوە بابەتەکە جیاواز خۆی دەردەخات. وڵاتێک کە دژ بە ڕادیکالیزمە، خۆی لە بەرامبەر مرۆڤایەتیی و ڕووداوەکانی سەر پانتایی جیهان بە بەرپرسیار دەزانێ و بووەتە دژبەری ئایدیا تاکڕەهەندییەکان، ڕادیکاڵەکان و سیستەمە دیکتاتۆرییەکان، دەبێ بەرگری لەو پێگەیە بکات کە وێنای کردووە.

هەنووکە دەسەڵاتی تاران و فراوانخوازییەکانی، کێچی خستووەتە کەوڵی ئانکاراش و ئەوانیش خەریکن پردەکانی پشت خۆیان بۆ ڕەفتاری نۆرماڵ و دێموکراتیزاسیۆن، یەک بە یەک دەڕووخێنن. ئەم ڕەوتە مەترسیدارە و جیا لەوەی کە مرۆڤایەتیی بەگشتی دەکاتە ئامانج لە دوو ڕەهەندەوە جێی نیگەرانییە. یەکەم ئەوەی کە نەزمی خۆی دەسەپێنێ و ئەمەش تەونی هەموو وڵاتانی ناوچە تێک دەدات. دووهەم، ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی و ئامریکا بۆ پاراستنی لانیکەمی بەها گەردوونییەکان لاواز دەکات. ئەمانەش هەر هەموو لەسەر پلە و پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کاریگەریی قووڵ دادەنێ.

دانپێدانان و قەبووڵی ئایدیای ئیمپراتوریی سەفەوی خەریکە عوسمانییەکانیش هان دەدات. لە کەس شاراوە نییە کە گرێکوێرەکە تارانە.

ئەزموون ئێژێ هەڵکردن لەتەک تێرۆر ئەنجامی نابێ.

چل ساڵ هەڵکردن لەتەک تارانی فاشیست، برسیەتی و هەژاریی بۆ ناوخۆ و شەڕ و هەڕەشەی بۆ دەرەوە بە دواوە بووە.

هەر بۆیە بێدەنگی لە بەرامبەر سەرەڕۆییدا هەموو هاوپەیمانانی ئامریکا بە کوردەکانیشەوە، لاواز دەکات و ڕێ خۆش دەکات بۆ هەموو ئەو گرووپانەی کە لە بندەستی تاران و ئانکاران، تا جموجۆڵی زیاتر بکەن و خۆیان بۆ لەباربردنی خەونی یەکسانی و سیکۆلاریزم و ئازادی تەیار بکەن.

ئەگەر ئەمڕۆ کوردەکان پشتگوێ دەخرێن و ڕەشەکوژ دەکرێن، تێچووەکەی لە داوڕۆژدا مرۆڤایەتیی و هەڵگرانی دروشمی ئازادیی و ئاشتی دەیدەن.

**چل ساڵ هەڵکردن لەتەک تارانی فاشیست، برسیەتی و هەژاریی بۆ ناوخۆ و شەڕ و هەڕەشەی بۆ دەرەوە بە دواوە بووە. هەر بۆیە بێدەنگی لە بەرامبەر سەرەڕۆییدا هەموو هاوپەیمانانی ئامریکا بە کوردەکانیشەوە، لاواز دەکات و ڕێ خۆش دەکات بۆ هەموو ئەو گرووپانەی کە لە بندەستی تاران و ئانکاران، تا جموجۆڵی زیاتر بکەن و خۆیان بۆ لەباربردنی خەونی یەکسانی و سیکۆلاریزم و ئازادی تەیار بکەن**

# کورد و سیاسەتی نەتەوەیی

نەوید کەرەمی

لەوانەیە قەبووڵی ئەو ڕاستییەی کە ئێمەی کورد لە بەشی سیاسیدا لاوازیمان زۆرە، زۆر ئەستەم بێتە بەرچاو. تەنانەت لەوانەیە ببێتە جێگای مشتومڕ و زۆر کەسیش بە دژی ئەو قسەیە بوەستنەوە.

لەوانەیە کاتێک کە ئەو ڕستەیە دەبیسین یان دەیخوێنینەوە، لە یەکەم نیگادا و بە بوونی ئەو هەموو حیزبە سیاسییانەی کە لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا، هەرکامە بە شێوازێک بۆ مافی کورد تێدەکۆشن، یان وەبیرهێنانەوەی ناودارانی کورد کە خاوەن فیکر و قسە بوون و ژیانیان بۆ گەلەکەیان داناوە و تەنانەت کەسانێکیش گەیشتوون بە پلە و پایەیەک کە هیچکات مێژووی کورد لەبیریان ناکات، لە بەرچاومان دوور بێت لە ڕاستی، بەڵام گەر بە قووڵی لە سیاسەتی کورد بڕوانین، لاوازییەکانی بۆمان ئاشکراتر دەبن.

### یەکەم: نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی

نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دەرەتانی پێویست بۆ گەشەی سیاسی بە زانایان و سیاسەتوانانی کورد نادات، ئەگەریش کەسانێکمان لێ هەڵکەوتوون، زۆر کەم بووە و بە ڕادەی پێویست نەبووە.

زانست و سیاسەت لە کوردستاندا لەلایەن وڵاتانی زاڵ و لە لایەن فیکرییەتە سەپاوەکاندا دەستی بەسەردا گیراوە و فەلسەفەی سیاسی لەباتی ئەوەی کە بۆ داهاتوو و داوڕۆژی نەتەوەی کورد ئامانجدار بکرێت، بە بیرۆکەی هاوردە و بە ئیدئۆلۆژیی داگیرکەران پەرچین کراوە و جگە لە باسی دەوڵەتی نەتەوەیی هەموو شتێک دەخزێنرێتە نێو سیاسەتی بەناو کوردییەوە، بەڵام هەرکەس باسی لە دەوڵەت کرد ئەوە لە زەمین و ئاسمانەوە سزا دەدرێت.

### دووهەم: سیاسەتوانی کورد بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە

ڕێژەیەکی زۆر کەم لە سیاسەتوانانی کورد هەموو ژیانیان بۆ گەلەکەیان تەرخان دەکەن، بەداخەوە ئەو کەسانەش کە خۆیان بەختی پرسی سیاسی گەلەکەمان دەکەن دەکەونە بەر پەلاماری ڕکەبەرانی ناوخۆیی یان دوژمنانی دەرەکی، لە نیهایەتدا لە دونیای سیاسەتدا حەزف دەکرێن.

زۆر بەداخەوە سیاسەتمەدارانی نەتەوەکەمان بە دوو هۆی سەرەکی دەنگیان کپ و ژیانی سیاسیان خامۆش دەکرێت: ١- بێبەزەیی دوژمن و ٢- نایەکگرتوویی و سەرەڕۆیی خۆمان.

لەوەتەی بووە، زانایان و بیرمەندان و سیاسییەکانی ئێمە لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور و باشووری کوردستاندا بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ تێکدانی تەناهی وڵات، یان بە بیانووی وەستانەوە دژ بە خواست و یاساکانی خودا تۆمەتبار و سزا دراون، لە ئاکامدا پشکی سیاسەتمەداران و پیاوە ناودار و مەزنەکانمان خامۆشی ناو چاڵەڕەشەکانی دوژمن، پەتی سێدارە، تیرباران یان تێکەڵبوون بە خەباتی چەکدارانە و هەڵگرتنی چەکی شەرەف بۆ دابینکردنی مافە بەرحەق و ڕەواکانی نەتەوە بەشخوراو و ماف پێشێلکراوەکەمان بووە.

### سێهەم: سیاسەتمەدارانی سەرباز

سێهەم هۆکار کە پێویستە بە ڕاشکاوی باسی بکەین ئەوەیە کە لە کوردستاندا بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی کە لە دوو بەشی پێشوودا باسی لێوە کرا، بە زۆرینە و بەتایبەت لە دونیای سەردەمدا سیاسەت لەلایەن چالاکە سەربازییەکانمانەوە ڕینوێنی دەکرێت، واتە هەمان شۆڕشگێڕە نیزامییەکانمان دەبن بە سیاسەتوان و بۆ هەر دوو بەشی سەربازی و سیاسی بڕیار دەدەن. لەوانەیە بڵەین هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە، چوونکە هەر وەک پێشتر باس کرا دوژمنانی گەلەکەمان ڕێگا نادەن کە سیاسەتڤانێک ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی باس بکا و لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی بیر بکاتەوە و بنووسێت و دەنگ هەڵبڕێت. بەڵام هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە دەکەوینە ناو ئەو چاڵەوە کە بۆمان هەڵکەندراوە، هەر بۆیەیە کە بەردەوام لە بازنەیەکدا دەسووڕێینەوە و شۆڕشەکانمان لە هەرچوار بەشی کوردستاندا هەتاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرەڕای قوربانییەکی یەکجار زۆر کە داومانە، سەرەڕای دەیان کارەسات و ئەنفال و ئاوارەیی و دەربەدەری کە بەسەرماندا هاتووە، هێشتا بە ئامانجی سەرەکی واتە سەربەخۆیی و دەسەڵات و سەروەری نەتەوەیی نەگەیشتووین. لەباتی ئەوەی سیاسەتێکی نەتەوەیی بە پێی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد دابڕێژرێ و لەو چوارچێوەدا کار بکەین و سیاسەت بنوێنین، هەرکات کە خۆمان بۆ شایی و جێژنی سەرکەوتن ئامادە کردبێت، بە یەکجارەکی دوژمن تووشی شەڕێکی کردووین و هەموو شاییەکانمانی کردووەتە شین و خەم و پەژارە.

### بەڵام ڕێگاچارە چییە؟

بۆ دەربازبوون لەو مەینەتییانە و بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو فیکرییەت و فەرهەنگە سیاسییەی کە لە لای ئێمەی کورددا دروست بووە، پێویستە کە هەموومان بۆ یەک ئامانج و بۆ یەک ڕێگا دەست بەکار بین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڤار و کتێب و نووسراوەکان، مامۆستایان و خوێندکاران، زانایان و سیاسەتوانان و شۆڕشگێڕان، هەموومان لە یەک ڕێگادا ببین بە یەک و ببین بە یەک ئامانج و ستراتژییەکی نەتەوەیی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خودی نەتەوەی کورد دابڕێژرێ و پێڕەوی بکەین.

لە ڕێبازی کوردستانیدا هەرکەسێک ئازادە هەر فیکرییەتێکی سیاسی یان هەر دین و ئایینێکی هەبێت، بەڵام کوردستان و مافی نەتەوەیی و سەروەریی کورد بۆ هەموومان ئامانجە و هەر هەموومان بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشین.

# شەڕی مێتافیزیک و ماتریالیزم یان دێموکراسی و ئایین

مەلا عەلی سێڵاو

مرۆڤ بوونەوەرێکی پرکێشە و سەرسووڕهێنەرە، ئەگەر بمانهەوێت بە ڕوانینێکی عەقڵانی و مەنتقی بڕوانینە سەر بارودۆخی مێژوویی و هەنووکەیی مرۆڤایەتی، ڕەنگە دوو چەمکی دێموکراسی و ئایین یان مێتافیزیک و ماتریالیزم و ئۆمانیزم بەشێک نەبن لەو هەموو کێشە و ململانێ لەمێژینەی مرۆڤایەتی.

لەڕاستیدا هەر لە سەرەتای بەدیهاتنی مرۆڤەوە یەکەم کردەوە کە مرۆڤ لە خۆی نیشانی جیهانی هەستی دا، ڕشتنی خوێنی هاوڕەگەزەکەی خۆی بوو، من نامهەوێت حیکایەتی کوشتنی هابیل بە دەست براکەی خۆی بە پێوانەیەکی ئایینی بخەمە بەر ڕای گشتی، بەڵکوو مەبەستمە بڵێم مرۆڤ خووخدەیەکی دڕندەی لە دەروونیدا جووڵە ئەکات و هەمیشە ئەم غەریزە دڕندەیە چەکێک بووە بۆ خۆسەپاندن و خۆدەرخستن!

ئەگەر لە ئاستێکی زانستیدا خوێندنەوەیەکی دروست بۆ سەر چەمکی ماتریالیزم و ئۆمانیزم بکەین، بێشک ئەگەین بەو ئاکامە کە خوڵقێنەری ئەم چەمکە ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا بووە کە مرۆڤ ڕەنگە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و عەشیرەیی خۆی کەڵک لە زۆر ئامرازی فەراتەبیعی وەرگرێت و کۆمەڵگای دەوروبەری تووشی نەخۆشییەکی دژوار بکات، بۆیە بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە باس لە فەلسەفەی وجوودی مرۆڤ و باس لە مرۆڤگەرایی دەکات و لە کۆتاییدا ئەو مەبەستە دەخاتە ڕوو؛ مرۆڤ زۆر لەوە بەرزترە کە لە پێناو هێندێک ناشارەزایی و خورافات تووشی ڕێگای تاریک و بێگەڕانەوە بێت.

لەلایەکیتریشەوە مێتافیزیک یان ئایینە فەراسرووشتییەکان باس لە دواڕۆژی مرۆڤ دەکات کە چۆن نەتیجەی کارەکانی خۆی لە سەرگۆی زەوی وەردەگرێتەوە، جا ئەم ئاکامی کردەوانەی ئەگەر باش بێت دەرگای ڕزگاربوونی دیارە و ئەگەریش دزێو و نەشیاو بێت ئەوە عاقیبەتی تووشی ناخۆشی و سزایەکی قورس دەبێت، ئەوەش لە واقیعیەتی خۆیدا هەروەک ئۆمانیزم و ماتریالیزم و گرنگی بە مرۆڤگەرایی دەدات کە مرۆڤ ئەوەندە مەزن و پیرۆزە نابێت لە مرۆڤایەتی دەربچێت و وەک ئاژەڵ بەربێتە گیانی هاوڕەگەزەکانی.

بێگومان ئایینەکان وگشت چەمک و دەستەواژەکان بێ جیاوازی و بێ دەستێوەردانی بەرژەوەندیخوازان گرنگی بە مرۆڤ و سروشتی مرۆڤایەتی ئەدەن بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی بە بوونی ئەو هەموو ڕێنوێنی و چەمکە جۆراوجۆرانە کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی لەئارادان، هەر بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تاکوو هەنووکە مرۆڤ هەروا بەردەوام لە خوێنڕشتن و کاولکاری دەستەوەستان نەبووە؟ ڕەنگە وەڵامێکی سەرەتایی هەر ئەوە بێت کە بەرژەوەندی هۆکارە....

کە باس لە مرۆڤ و گۆی زەوی دەکەین سنوورێک وجوودی نابێت چوونکە نە هیچ ئایینێک ئاماژەی پێکردووە و نە هیچ مرۆڤێک خوازیاری سنووردداربوونە، هەروەک باسمان کرد دەروونی مرۆڤ پڕاوپڕە لە خووخدەی جۆراوجۆر هەم غەریزەیەکی شەڕکەر هەم غەریزەیەکی ئاشتیخواز، غەریزە شەڕکەرەکان لەوکاتەوە جووڵە ئەکەن کە هەست بە توانا و خۆسەپاندن ئەکات و غەریزە ئاشتیخوازەکەش ئەوکاتە جووڵە ئەکات کە هەست بە داماوی و بێتوانایی خۆی دەکات:

لێرەدا مرۆڤەکان دەبن بە گرووپ و دەستە و لەکۆتاییشدا سنوورێک بۆ نشینگەی خۆیان دیاری دەکەن و بەهۆی هێز و تواناکانیانەوە پارێزگاری لێدەکەن و هێندێکجار بۆ فراوانخوازی زیاتر هێرش بۆ سەر جوغرافیای دەوروبەر دەبەن، وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو کێشەکان سنووردار دەبن و بەرژەوەندییەکان دیار دەبن، ئەگەرچی ئایین باس لە ئازادی و ژیانی هاوبەش و دادپەروەری دەکات و هانی مرۆڤ دەدات بۆ خزمەتگوزاری هەروەک تەئکیدی کردووە» خیرالناس انفعهم لناس» واتە باشترین مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە خزمەتی زیاتر بە کۆمەڵگا بکات،بەڵام کۆمەڵێک بەربەست بۆ غەریزەی زێدەخوازانەی مرۆڤ دادەڕێژێت و ئەوەش لەگەڵ سرووشتی مرۆڤی شەڕئەنگێز یەک ناگرێتەوە بۆیە ئەیکات بە بیانوو بۆ خۆدەربازکردن لە ئایین و پاڵپشتی لە ڕووانگەیەکیتر یان ئەوەتا خودی ئایین دەکات بە ئامراز بۆ بەرژەوەندی خۆی و سنووری دیاریکراوی خۆی، ئەوکاتە کێشەکان ڕێکخراوەیی دەبن و مرۆڤی بێ نیشتمان و داگیرکراو بەهەمان ناو هێرشی بۆ دەکرێت کە خۆی باوەڕی پێیە، لەکۆتاییدا هەوڵ دەدرێت کە هەست بەوە بکردرێت، ئەوە ئایینە پارێزەری مافی کۆمەڵێک مرۆڤ و نەتەوەیە و لە دژایەتی کۆمەڵێکیتردایە.

کێشەکان هەروا بەردەوام مرۆڤایەتی دەکاتە ئامانج و چەندین شەڕی جیهانی ڕوو دەدات، وەک شەڕی دووهەمی جیهانی یان سەرهەڵدانی تاقمی جۆراوجۆری ئایینی توندئاژۆ.

دێموکراسی چەمکێکی جوانی پێکەوەژیانە بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە گەلان و دەوڵەتان بتوانن لە پەنای ئەم چەمکە بە هەموو بیروباوەڕێکی ئایینی و غەیرەئایینییەوە بە ئاشتی و خۆشگوزەرانی پێکەوە بژین، مخابن ئەم چەمکەش هاوشێوەی چەمکی ئایینی، خراوەتە ژێر دەسەڵاتی بەرژەوەندخوازان چۆن حەزیان بێت هەر ئەوها پاڵپشتی ئەکەن، لەو شوێنەی قازانج دەگەیەنێت هاوڕای دێموکراسین و لەو شوێنانەش کە هیچ قازانجێک لە دێموکراسی نابینن ئەڵێن ئێمە پۆلیسی ئاشتی نین.

پاش دروست بوونی سنوور و وڵات و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، ڕاسیزم و ئایدۆلۆژی مەزهەبی و چەپی و چەندین جۆریتری خۆسەپاندن و داگیرکاری ئیتر مرۆڤ سروشتی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد، دین بوو بە کاڵا و ئامرازی دەستی کۆمەڵێک دڕندەی بێویژدان و لە ڕێگا ڕاستەکەی خۆی دوور خرایەوە؛ لە ڕۆژاوای جیهان کلیسا بوو بە ئیمپراتورییەت و بەم هۆیەش خەڵکانێک کەڵکیان لێوەرگرت و بوونە خاوەنی نیشتیمان و ئازادی نەتەوەیی خۆیان.

لە ڕۆژهەڵاتیش ئیسلام بووە ئامرازی خەڵکانێک و چەندین دەوڵەتی بەناو ئیسلامی لەنێو عەرەب و تورک و فارس دروست بوون.

بەداخەوە نشینگەی کوردان واتە کوردستانی گەورە لەو ناوچە جوگرافییە هەڵکەوتووە کە چوارگۆشەکەی لە سێ دوژمنی دێرین دەور دراوە و ئەم سێ نەتەوەیە بە کەڵکاوەژوو لە ئایین لانیکەم پاش هاتنی ئیسلام توانیویانە وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کاری بێنن و کوردستان پارچە پارچە بکەن لە نێوان خۆیاندا.

کورد بۆ بەرژەوەندی خۆی هاوشێوەی ئەم سێ نەتەوەیە لە ڕۆژهەڵات و خۆرهەڵاتی ناڤین بەهۆی پیرۆزکردنی لە ڕادەبەدەری ئایین دۆڕاندوویەتی و نەیتوانیوە دەرفەتەکان بە قازانجی نەتەوەی خۆی بقۆزێتەوە. هەروەها لەو باوەڕەشدام هیچکام لەو چەمک و فکرە ئایینی و سکۆلارە سەردەمیانەش کە زیاتر لە هەموو جیهان لە کوردستان برەوی هەیە نەیتوانیوە خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بکات بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆتە هۆی دووبەرەکی ناو ماڵی کورد و یەکنەگرتنی کاریگەر.

لە ڕوانگەی جیهانەوە کوردستان شوێنێکی ستراتیژیک و دەوڵەمەند لە سامانە سرووشتییەکانە کە دەکرێت بە شێوازی خۆیان کەڵکی لێوەرگرن و بە بیانووی دۆستایەتی کورد و هاوخەمی ناخۆشییەکانی کورد خەریکن فێڵبازانە کورد بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی خۆیان بەکار دێنن، لەڕاستیدا ئەم هاوسۆزییەی بەرژەوەندخوازان کە سیاسەتی جۆراوجۆر لە سەر مولک و ماڵی کوردان بە گەڕ دەخەن جگە لەوەیکە هیچ قازانجێکی بۆ کورد نییە بەڵکوو بۆتە هۆی دوو یان چەنددەستەیی ناو ماڵی کورد و ئازاری گەلی کوردی زیاتر کردووە.

ڕەنگە بتوانم بە ڕاشکاوانە بڵێم کورد لە ساویلکە بوونی خۆی و باوەڕی ناشارەزایانەی خۆی زیاد لە پێویست بایەخ بە سیاسەت و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدارانی بەناو دێموکرات دەدات و پێیوایە بەڕاستی ئەوانن نەجاتدەری گەلی کوردن!

با ڕاشکاوانە بڵێم مخابن ئێمە لە هەر موسوڵمانێک مسوڵمانتر، لە هەر دێموکراتێک دێموکراتتر، لە هەر ئاتێئیستێکیش ئاتێئیستترین کە هیچ کام لەوانە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی هیچ سوود و قازانجێکی نییە.

لە مێژووی خەبات و بەرخودانی کوردان جگە لە سێ دوژمنی دڕندەی چوار دەورمان ئەوە ئەم وڵاتە بەناو دێموکرات و چەپ و ئیسلامیانە بوونە کە سەرەڕای پشتیوانی کردنی دوژمنانمان و سایکسپیکۆی خاکی کوردان هێشتا هەروا دڵخۆشین بە وەعد و وەعیدیان! سەرگەرمی یەکترشکاندن و تۆمەتبارکردنی یەکترین! مخابن نەمانتوانیوە وەک سیاسەتوانێکی لێهاتوو هەڵوێست بگرین و سیاسەتمان لە سەر بەرنامەیەکی تۆکمە و خاوەن ستراتیژی بێت بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی، بێشک هێزی دڵسۆز و خاوەن ئەزموون و خاوەن مێژوویەکی پاکمان هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا گەڵێک حیزب و ڕێکخراوی دروستکراوی سەردەستی ئەو و ئەمیشمان هەیە کە بۆتە خۆرکە بۆ گیانی خەڵکی کورد لە کوردستان.

سیاسەت نە دۆستایەتی ئەناسێت و نە دوژمنایەتی بەڵکوو سیاسەت هونەرێکی موومکینە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکان.

سیاسەت و شۆڕش نە عاتیفە ئەناسن و نە گرنگی بە خوێندنەوەی فڵان لایەنە دەدات بەڵکوو چۆن قازانج بکات هەر ئەوە دەکات، گەر سەیری ئامریکا و ڕۆژئاوا بکەین زۆر ئاسایی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوان چۆن سیاسەت دادەڕێژن و چۆن قازانج بە دەست دێنن، گرنگ نییە ئێمە ئەوان چۆن هەڵدەسەنگێنین و چ لێدوانێکمان لە سەر بێوەفایی هەیە!

خوێندنەوەی من ئەوەیە ئایین و دێموکراسی هیچ شەڕ و کێشەیەکیان نییە بەڵام ئەوە ئێمەین ئایین و دێموکراسی چۆن بە کار دێنین.

یەکەم چەخماخەی شۆڕشی کورد بۆ ئازادی و بەرەنگاری بە دژی دەسەڵاتەکانی عوسمانی و سەفەوی کە لە ئایین وەک ئامرازێکی دزێو بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت، هاوتا بوو لەگەڵ دژایەتی دەوڵەتانی دژئایینی و سیکۆلار و چەپ.

ئەم وڵاتانەش بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو زلهێزە ئایینیانە دەبینی، پاش تێکچوون و ڕووخانی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و سەفەویش و بەردەوام دەسەڵاتە یەک بە دوای یەکەکانی شاهەنشاهی، سیکۆلار و مەزهەبی و لاییک و بەعسی لە چوار پارچەی کوردستان، دوژمنان لە بەرانبەر داواکارییەکانی گەلی کورد یەک ڕوانگەیان هەبووە و بە هەموو جۆرە پیلان و ژینۆساید و کۆمەڵکوژی بێ جیاوازی لە نێوان سیکۆلارییەت و ئیسلامییەت بەردەوام لە قەڵاچۆ کردنی ئەو نەتەوەیە بوون.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسی عێراق دەرفەتێک بۆ کورد هاتە ئاراوە کە بتوانێت کیانی خۆی بە دەست بگرێت و لە ڕیفراندۆمێکی دێموکراتیکانە دەنگی گەلی کوردستانی بە دەست هێنا، بەڵام پێچەوانەی عورفی نێونەتەوەیی گشت جیهان دژایەتی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردیان کرد و لە سەرووی هەمووان ئامریکا پشتی لە کورد کرد و هاودەنگ لەگەڵ دوژمنانی دێرین دژایەتی ئەم پرۆسە دێموکراتیکەیان نیشانی کۆمەڵگای کوردستان دا.

ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوە کێشەی ئایین و دێموکراسی نییە بەڵکوو کێشەکە دابینکردنی هەرچی زیاتری بەرژەوەندی زلهێزانە. لێرەوە پاش ئەو هەموو دوژمنکاریانە بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت کە لە سەردەمی ئێستادا دێموکراسی و ئایین تەنیا ئامرازێکی دەستی خۆسەپێنەران و خوێنخۆرانی مرۆڤکوژە، بێ ئەوەی لە ئەرزش و بایەخی جەمکی دێموکراسی و ئایین کەم بێتەوە.

بەداخەوە کورد پاش شۆڕشی کلاسیک لە سەردەمی مۆدێرنیتە و سەردەمیانەش بە هۆی زۆربوونی ڕەنگ و لۆگۆی تایبەت و ڕێکخراوی جۆراوجۆر تووشی گرفتی یەکگووتاری و کۆدەنگی بووە، دێموکراسی جیا لە هەر دامەزنەرێکی ئەو چەمکەش پیرۆزتر کردووە و دیهەوێت پێ بە پێی ئەم چەمکە هەنگاو بنێت، دەبێت بڵێم ئەوەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ پەرتەوازەیی و پچڕانی یەکگرتوویی کورد، هەروەک وتم بێ شک دێموکراسی شتێکی جوان و مرۆڤانەیە بەڵام بۆ هەر کورد دێموکرات بێت و پەسندکراوەکانی نەتەوەیەکرتووەکان وەک قورئان لە باوەش بگرێت لە حاڵێکدا دوژمنان هەر نازانن دێموکراسی چییە و هیچ گرنگیشی پێنادەن.

پێویستە کورد لە هەر چوار بەشی داگیرکراو بە یەک ستراتیژی و بە یەک ڕوانگە بڕوانێتە کێشەی سەدان ساڵەی خۆی لەگەڵ دوژمنان، باوەڕ بە دروشمی زریقە و بەریقەداری بێگانەش نەدات پێویستە زیاتر گرنگی بە هێزوتواناکانی خۆی بدات. ئاخۆ چۆن قازانج دەکات نەک بە هێزی بێگانە چۆنی سەیری دەکات، هەر دەوڵەت و وڵاتێک سیاسەت بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکات نەک بۆ بەرژەوەندی خەڵکانیتر بۆیە ئێمەش دەبێت هەر ئەو سیاسەتە ئەنجام بدەین هێزی هیچ لایەنێک نەبین، تەنیا هێزی خۆمان بین.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەوەی ئێستا و لەمێژووی ڕابردووی مرۆڤایەتیش هەبووە شەڕی قازانج و بەرژەوەندییە نەک شەڕی چەمک و دەستەواژەکان.

# ”کوردەکان لەو بارەیەوە لە ئێمە نزیکن چونکە خوازیاری دێموکراسین“

جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

”کوردەکان لەو بارەیەوە لە ئێمە نزیکن چونکە خوازیاری دێموکراسین“ ئەوە قسەی دانییێل میترانە. گرینگیی ئەو قسەیەی میتران لەوەدایە کە باس لەوە دەکات مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندە گرینگە کە بێ گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا هیچ کات ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی ئارامی و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت. ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو جوغرافیایەی کە کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بەسەریدا دابەش کراوە هیچ وێکچوویەکی نییە؛ نە لەگەڵ عەرەب، نە فارس، نە تورک، بۆیە گلۆڵەی شەڕ و خوێن لەو ناوچەیەدا هەروا خلۆر دەبێتەوە.

کێشەی ئەو ناوچەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە حاشا لە مافی کورد دەکرێت کەچی کورد ئەو حاشایە بە کار و کردەوە ڕەت دەکاتەوە جا جیهان گوێبیستی بێت یان نا؛ لە هەمان کاتیشدا لەسەر داوای خۆی سوورە.

دوای ئەوەیکە کوردستانی باشوور ساڵی ١٩٩٢ی زایینی توانی پارلمانی خۆی هەبێت و حکوومەتێکی ساوا لە دێموکراسی و پلۆرالیزم دابمەزرێنن، بە هۆی ئەوەیکە ڕۆژئاوا پشتیوانیی لێ نەکرد هەر بە ساوایی مایەوە و کەوتە بەر هێرشی ئەم و ئەو.

ئەو حکوومەتە ساوایە لە ناوچەیەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دامەزرا. ئێستاش دیسان مێژوو دووپات بووە. لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستاندا، ڕۆژئاوا پشتی کوردی نەگرت ئاکامەکەی چنییەوە، لە کوردستانی ڕۆژئاوا پشتیوانیی نەکرد ئێستا ئەوە دەبینین چی ڕووی داوە. پشتیوانیی لە داخوازییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناکرێت ئەوەش ئاکامەکەی، لە باکووریش هەروەها.

بەم جورە مەسەلەی کورد هەر وەک برینێکی ناسۆر ماوەتەوە و ماوە بە ماوەش کورد و کوردستان شاشەی تلویزیۆنەکان دەگرێنەوە. مەسەلەیەک کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت. کورد داوای مافی چارەنووسی خۆی دەکات جا لە قاڵبی خودموختاریدا بێت یان فێدرالیزم یان سەربەخۆیی. دیسانیش هەر جوابی کورد نادرێتەوە بۆیە خەباتی کوردیش قۆناغی دیکە دەبڕێت. داگیرکەرانی کوردستان هەر کام لەو سێ داوایە بە تەجزیەی وڵاتەکانیان دەزانن بەڵام بێئاگان لەوەیکە خەباتی کوردیش بەردەوام خوێنی بۆ دەدرێت واتە داواکارییەکان زیاتر دەبێت.

دوکتور قاسملوو دەفەرمێت: «ئەگەر خەباتی ئێمە درێژ ببێتەوە، بۆ زیاتر لە خودموختاری خەبات دەکەین.» «هانی ئەلحەسەن» کاتی خۆی پەیامێکی قاسملووی بە خومەینی گەیاندبوو و بە کاربەدەستانی تارانی گوتبوو: «ئێمەی فەلەستینی لە سەرەتادا خەباتمان بۆ ئەوە دەکرد کە لێمان گەڕێن لەسەر خاکی خۆمان بین. کاتێک ژمارەی شەهیدەکانمان چووە سەرێ دەمانتوانی بە «لامرکزیت» ڕازی بین بەڵام داوای خودموختاریمان کرد و ئێستاش سەربەخۆییمان دەوێ».

مێژووی شۆڕش لە کوردستانی ڕۆژئاوا، ڕەنگە زۆر بەرفراوان نەبووبێ لە مێژوودا، بەڵام بە لاوازی یان بە بەهێزییەوە، بوونی هەبووە، هەبوونێک کە دوژمنی لە خاکی کوردستان بە داگیرکەر ناساندووە و دەیناسێت. ئەو بەشەی کوردستان، دوای شەڕی نێوخۆیی سووریە کە ماوەی ٩ ساڵ پێش دەستی پێکرد کوردیش لەو بەشەی کوردستان دەرفەتی قۆستەوە و خودموختاریی ڕاگەیاند. لەو بارودۆخەدا ڕێژیمی ئێران وەک هەمیشە گەورەترین دوژمنایەتی خۆی نواند و بە هەر شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدا بوو و دایە کە ئەو خودموختارییە هەڵبوەشێنێتەوە.

تورکیە کورد بە تێرۆریست دەناسێت، ڕێژیمی ئێران بە تەجزیە تەڵەب، سووریە بە شەڕخواز و عێراقیش کورد بە ئاژاوەگێڕ دەزانێت.

لێکدانەوەی هەر چوار وڵات لەسەر بنەمای دانیشتنی خۆیان لەسەر مێزێکی وتووێژی خۆیانە کە بڕیاریان لەسەری داوە. بڕیارێک کە تەنیا لە بیرۆکەی خۆیان جێگای هەیە و پێش هەموان کورد خەتی بێ بایەخی بەسەردا دەکێشێت. ئێستا کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان ئەگەرچی دابڕاوە بەڵام یەک هەڵوێستە و لە سەر داوای خۆی سوورە جا یا بە خوێن بێت یا بە دیالۆگ.



# خەیاڵی بە ئورووپایی بوون لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

موختار نەقشبەندی

خەون و خەیاڵ و ئارەزووی هەزاران لاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛ کۆچکردن بۆ ئورووپایە یا ئەوەیکە وڵاتانی ئەوانیش وەک وڵاتانی ئورووپایی دەبوو. هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەموو شتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئارەزوو و خەیاڵە و لە ئورووپادا بوونیان هەیە؛ لە ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بگرە هەتا خۆشبژیوی و دادپەروەری و ئەمنییەتی ئابووری و ئازادییە تاکەکەسییەکان؛ بەڵام بۆچی وڵاتانی ئورووپایی بەم چەشنە بوونەتە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش جەهەنەم؟ بۆچی دەیان ساڵە سێبەری شەڕی نێوان ئێران و عەرەبستان یان عەرەبەکان و ئیسرائیل و شەڕە نێوخۆییەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و لە ئورووپادا وا نییە؟ مەگەر فەرانسە و ئاڵمان و بریتانیا ڕکەبەر نین؟ بەڵام بۆچی ئەوان تووشی شەڕ نابن و لە زۆر بواریشدا هاوپەیمانن؟ لەو وتارەدا سەرەڕای ئاماژە بە جیاوازییەکانی ئەو دوو ناوچەیە ئەو پرسەش تاوتوێ دەکەین کە ئایا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێت ببێت بە شوێنێکی ئارام و سەقامگیر و خۆش؟

لە شەڕی جیهانیی دووهەمدا نزیک بە ٥٠ میلیۆن کەس لە ئورووپادا کوژران. دوای شەڕ، ئورووپا ناوچەیەکی وێران و خەڵکێکی زۆر ماندوو و شەکەتی لێمایەوە کە دوای کۆتایی شەڕی جیهانی لەگەڵ مەترسییەکی دووبارە بەرەوڕوو بوونەوە؛ ئەویش شەڕی سارد و ململانێ و ئەگەری شەڕی نێوان ئامریکا و سۆڤیەت بوو کە لە ئەگەری هەر شەڕێکدا ئورووپا لە هێڵی پێشەوەی شەڕدا بوو.

وڵاتانی ئورووپایی بەتایبەت وڵاتانی ئورووپای ناوەندی و ڕۆژئاوایی بە جێگای درێژەدان بە کێشە و ناکۆکییەکان و وەرگرتنەوەی ڕەخنە و نەفرەت؛ ڕێگای هاوکاری و هاوپەیمانییەتییان گرتە بەر و بەرژەوەندییە بچووکەکانی خۆیان فیدای بەرژەوەندییە گەورەکان کرد. دوای کۆتایی شەڕی سارد، ئورووپا بە ئومید و ئەمنییەتێکی زیاترەوە پەرەیان بە گەشەی ئابووریی و پێشکەوتن دا. وڵاتانی ئورووپایی لە چوارچێوەی سنوورەکانیان بە ڕێزدانان بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکان و لەبەرچاوگرتنی مافی کەمینە نەتەوەیی، قەومی و مەزهەبییەکان زۆرێک لە کێشەکانیان چارەسەر کرد.

ئەگەرچی هەتا ئێستا هەندێک لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ نموونە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتی پەیوەست بە یەکیەتیی ئورووپا نەبوونە و بریتانیاش لە یەکیەتیی ئورووپا دەچێتەوە دەرەوە، بەڵام بەگشتی یەکیەتیی ئورووپا کاریگەرییەکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی لە پرسە جیهانییەکاندا هەیە و سەرەڕای کێشەکانی بەردەم وەک هەڕەشەی ئەمنییەتی لەلایەن ڕووسیەوە و گەشەی خێرای ئابووریی چین و هەندێک لە وڵاتانی جیهانی سێهەم لانیکەم هەتا چەند دەیەی داهاتووش یەکیەتیی ئورووپا بە گەشەی زانستی و ئابووریی و خۆشبژێوی گشتی، پێگەی گرینگی خۆی لە ئاستی جیهانیدا دەپارێزێت.

هاوپەیمانی لەگەڵ ئامریکا لە چوارچێوەی ناتۆ کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر ئەمنییەتی وڵاتانی ئورووپایی هەبووە و بێ گومان بێ پشتیوانیی ئامریکا لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەگەڵ کێشەی زۆر بەرەوڕوو دەبوونەوە و ئێستاکەش سەرەڕای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت، وڵاتانی ئورووپایی هێشتا لە بەرانبەر ڕووسیەدا پێویستیان بە یارمەتیی ئامریکا هەیە. بەڵام هۆکاری سەرەکی پاراستنی ئەمنییەتی ئورووپا، هاوئاهەنگیی و یەکیەتیی نێوان ئەو وڵاتانە بووە و هەیە و لە داهاتووشدا بە گۆڕانێک کە لە پێکهاتەی سیاسیی جیهان و ناکۆکی لەگەڵ ئامریکا یان لانیکەم کەمبوونەوەی هەڕەشەکانی ڕووسیە دێتە ئاراوە، ئەگەری هەیە وڵاتانی ئورووپایی ئەرتەشی هاوبەشی ئورووپایی بە جێگای ڕێککەوتنە نیزامییەکانی ئێستا دابمەزرێنن.

**هاوپەیمانی لەگەڵ ئامریکا لە چوارچێوەی ناتۆ کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر ئەمنییەتی وڵاتانی ئورووپایی هەبووە و بێ گومان بێ پشتیوانیی ئامریکا لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەگەڵ کێشەی زۆر بەرەوڕوو دەبوونەوە و ئێستاکەش سەرەڕای هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت، وڵاتانی ئورووپایی هێشتا لە بەرانبەر ڕووسیەدا پێویستیان بە یارمەتیی ئامریکا هەیە.**



**فەرهەنگ و جۆری تێڕوانین بە ژیان و سیاسەت هۆکاری ئەسڵیی هەموو ئەو جیاوازییانەیە، لە وڵاتانی ئورووپاییش کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەحزاب و ئاڵا و وڵات و نەتەوەبوون و قەوم و زمان و عەقیدە و مەزهەب بایەخی هەیە بەڵام دوای مرۆڤ و هەمووی ئەو بابەتانە بۆ خزمەت بە مرۆڤە بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەواو بەپێچەوانەیە و هەر شتێک لە مرۆڤ بەنرخترە.**

ئەمنییەت و سەقامگیری لە ئورووپا لە ئاستێکدایە کە لە سنووری نێوان وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپایی هیچ ئەرتەشێک بوونی نییە.

بەڵام لە بەرانبەردا و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، سەرەڕای ئەوەیکە ناوچەیەکی دەوڵەمەند لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان و وزەیە و هێزێکی کاریی لاو و زۆری هەیە و جیا لەوەش دەفەرایەتییەکی زۆری بۆ گەشە و پێشکەوتن هەیە بەڵام بە گشتی ناوچەیەکی پێشکەوتوو نییە و نائەمنە. ڕاستە کە لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەکوو ئیمارات و عەرەبستان و قەتەر لە بواری ئابووری دۆخێکی باشیان هەیە، بەڵام لە بواری دێموکراسی و ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دۆخێکی زۆر خراپیان هەیە و بەپێی دۆخی ئێستا، زەحمەتە داهاتوویەکی گەش و باش لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدی بکرێت.

ئامار و ڕەقەمەکانی بانکی جیهانی و دامەزراوە جیهانییەکان دەرخەری ئەوەیە کە ئابووریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی لە گەشەیە بەڵام ئەو گەشەیە بە نیسبەت سەرچاوە و دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر کەمە و هەڵایسانی هەر شەڕێک دۆخێکی زۆر خراپی دەبێت. شەڕی سارد و بە نوێنەرایەتیی عەرەبستان و ئێران و شەڕە نێوخۆییەکان و شۆڕشە بێئەنجامەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کێشەگەلی چارەسەرنەکراوی عەرەبەکان و ئیسرائیل هەموو دەرخەری داهاتوویەکی پڕ لە هەڵلا و ئاڵۆزییە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە شوێنی کێبڕکێی دەسەڵاتدارانی بان ناوچەیی بە تایبەتی ئامریکا و ڕووسیە و هێدی هێدی دەنگی هەنگاوەکانی «چین»یش دێت. ئەوەش دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

لە کاتێکدا نێونجیی بوودجەی نیزامیی جیهان نزیک بە ٢ لەسەدی بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆییە و هەندێک لە وڵاتانی ئورووپایی تەنانەت کەمتر لە ٢ لەسەد بۆ بابەتی نیزامی هەزینە دەکەن. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆیی و سەرانەی کەمتر نیسبەت بە وڵاتانی ئورووپایی بەشێکی گرینگ لە بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆیی بۆ بابەتی نیزامی خەرج دەکەن و باشترین موشتەرییەکانی چەکوچۆڵ لە جیهاندان و لە تەنیشت ئەویش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حوزووری نیزامیی وڵاتانی بان ناوچەییش زیاتر دەبێت.

ڕۆژ نییە هەواڵی سەرکوتی ناڕازییان لە یەکێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یان هەڕەشەی یەکێک لە وڵاتانی دیکە لە یەکتری یا ڕاپۆرتی یەکێک لە دامەزراوە جیهانییەکان لەبارەی ئاماری ئێعدام و ئەشکەنجە و هەڵاواردنی نەتەوەیی و قەومی و مەزهەبی و ڕەگەزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبیستین. بەڵام بەڕاستی بۆ؟ بۆچی؟ بۆچی ئەو هەموو جیاوازییە؟ بۆچی لە وڵاتانی ئورووپایی ئەزیەت کردنی ئاژەڵان تاوانە بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقا و وڵاتانی دیکەی دراوسێی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گیانی مرۆڤەکان لە هەموو شتێک بێبەهاترە؟

فەرهەنگ و جۆری تێڕوانین بە ژیان و سیاسەت هۆکاری ئەسڵیی هەموو ئەو جیاوازییانەیە، لە وڵاتانی ئورووپاییش کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەحزاب و ئاڵا و وڵات و نەتەوەبوون و قەوم و زمان و عەقیدە و مەزهەب بایەخی هەیە بەڵام دوای مرۆڤ و هەمووی ئەو بابەتانە بۆ خزمەت بە مرۆڤە بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەواو بەپێچەوانەیە و هەر شتێک لە مرۆڤ بەنرخترە.

دەمارگرژی، بە شێوەیەک لە قۆناغی منداڵییەوە چووەتە ناو مێشکمان کە تەنانەت هەندێک لە سیاسەتمەدارانی بە قسە چەپ و دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەپێچەوانەی قسە جوانەکانیان لە کردەوەدا وەکوو گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان هەڵسوکەوت دەکەن.

زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یان جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان نییە یان لەوان خراپترن. هۆکاری شکستی بەهاری عەرەبی و خراپتربوونی دۆخی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتانەی کە سەرهەڵدانیان تێدا کرا بۆ نەبوونی ئاڵترناتیوێکی دێموکرات بوو.

لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردووا، دیکتاتۆرەکان و ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەک لە دوای یەک بە ڕووخانی دیکتاتۆرەکانی دیکە بە دەسەڵات گەیشتن و بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان وابەستە بە هێزێکی بان ناوچەیی بوون و جیا لە شەڕ و وێرانی دەسکەوتێکی دیکەیان نەبوو. چەقبەستوویی بە چەشنێک چاویانی کوێر کردبوو کە هەموویان لە بیری سڕینەوەی دژبەرانی خۆیانن و هیچکات بیر لە پێکەوەژیان ناکەنەوە.

دوای ٧٠ ساڵ هەوڵەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئێران (٤٠ ساڵی ڕابردوو) بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل جیا لە چەند شەڕی ماڵوێرانکەر چ دەسکەوتێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبووە؟ یان پێشگرتنی ئیسرائیل لە دروستبوونی وڵاتی فەلەستین لە ناوچەی خودگەردان جیا لە ڕق و کینە چ دەسکەوتێکی هەبووە؟ ئایا ڕێگایەک جیا لە پێکەوەژیانی دوو وڵاتی سەربەخۆی ئیسرائیل و فەلەستین هەیە؟ سەرکوتی نەتەوەی کورد جیا لە شەڕ و وێرانی چ دەسکەوتێکی هەبووە؟ ئایا ڕێگایەک بۆ کۆتاییهێنان بە هەڵاواردن و لەبەرچاوگرتنی مافی کورد هەیە؟ ئایا ئەگەری شەڕی ئێران و عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی ئاکام و دەسکەوتی جیاوازتر لە ٨ ساڵ شەڕی بێهوودەی ئێران و عێراق دەبێت؟ ئایا شەڕ و قەیرانی یەمەن و سووریە جیا لە بەدبەختی و هەژاری دەسکەوتێکی دیکەی بۆ ڕۆژهەڵات هەیە؟

**هەندێک لایەن، هێزەکانی بان ناوچەیی بە هۆکاری ئەسڵیی هەموو کێشەکان دەزانن، بەڵام ئایا هێزەکانی بان ناوچەیی سەدامیان ناچار کرد هێرش بکاتە سەر ئێران و کویەت؟ یان کەسێک ڕێژیمی ئێرانی ناچار کردبوو کە سیاسەتی "هەناردەکردنی شۆڕش" بگرێتە پێش و بۆ دەیان ساڵ ناوچەکە تووشی شەڕ و قەیران بکات؟**

هەندێک لایەن، هێزەکانی بان ناوچەیی بە هۆکاری ئەسڵیی هەموو کێشەکان دەزانن، بەڵام ئایا هێزەکانی بان ناوچەیی سەدامیان ناچار کرد هێرش بکاتە سەر ئێران و کویەت؟ یان کەسێک ڕێژیمی ئێرانی ناچار کردبوو کە سیاسەتی «هەناردەکردنی شۆڕش» بگرێتە پێش و بۆ دەیان ساڵ ناوچەکە تووشی شەڕ و قەیران بکات؟ ئایا هێزەکانی بان ناوچەیی تورکیە و ئێران و عێراق و سووریەیان ناچار کردووە مافی نەتەوەی کورد لەبەرچاو نەگرن؟ یان هەمووی ئەو هەڵاواردن و دزی و ئێعدام و گەندەڵی و جەنایەتە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە بڕیاری هێزەکانی بان ناوچەیە؟ ئایا قەیرانی یەمەن کە گەورەترین قەیرانی سەدەیە وڵاتانی بان ناوچەیی دروستیان کردووە یا ئێران و عەرەبستان؟ بە تاوانبارکردنی یەکتری و یەکتر خەتابارکردنی وڵاتان تەنیا خۆمان فریو داوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە پێکهاتەی سیاسیی جیهان هەموو وڵاتان لەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن و کاتێک دیکتاتۆرەکانی وەک خومەینی یان سەدام و ئەردۆغان بە تەماح و دەمارگرژیی کێشە و ئاڵۆزی دروست دەکەن هێزە بان ناوچەییەکان لەو کێشەیە وەک دەرفەتێک بۆ دزەکردنی خۆیان کەڵکی لێوەر دەگرن.

ئەگەر لە فەڕانسە یان بریتانیا یان ئاڵماندا دیکتاتۆرێک دەگەیشە دەسەڵات و کیشەی گەورەی لەگەڵ دراوسێکانی ساز بکردایە، بێشک ڕووسیە و چین هەولیان دەدا لەو هەلە بۆ دزەکردنە نێو ئورووپا کەڵکی خۆیان وەربگرن بەڵام وڵاتانی ئورووپایی بە درک پێکردن و تێگەیشتنی ورد و درووست لە پرسە سیاسییەکان و هێز و دەسەڵاتێک کە هەیانە، دەیان ساڵە کە تووشی وەها هەڵەگەلێک نەبوونەتەوە.

ئەگەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێو سنوورەکانیدا ڕەچاوی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکەن و هەموو وڵاتان پێکەوە پێوەندییەکی تەندرووست و باشیان هەبێ کە تێیدا قازانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پێوەر بێت، ئیتر هیچ بیانوویەک بۆ دەستێوەردانی هێزە بانناوچەییەکان بونی نامێنێت.

ئەوەیکە ڕوونە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش دەتوانێ ببێتە ناوچەیەکی سەقامگرتوو کە تێیدا خۆشبژێوی پێوەری ژیان بێت، تەنیا بەو مەرجەی کە لەباتی حاشاکردن لە یەکتر و هەوڵدان بۆ لەنێوبردن و خاشەبڕکردن، ڕێگەی دۆستایەتی و یەکسانی و دادپەروەری و هاوکاری هەڵبژێرین؛ ئەمە خەونێکە بەڵام خەونێک کەدیتە دی بەو مەرجەی کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێو سنوورەکانیاندا مافی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، قەومی و مەزهەبییەکان لەبەرچاو بگرن و لەباتی هەوڵدان بۆ لەنێوبردن و خاشەبڕکردنی وڵاتانی دراوسێیان ڕێگەی یەکیەتی و هاوکاری هاوبەش هەڵبژێرن.

بەم شێوەیە ئیتر نە پێویست بە بوونی هێزی سەربازی بانناوچەیی دەکات و نە پێویست بە کڕینی سەدان میلیارد دۆلاری چەکوچۆڵ و پیداویستییەکانی شەڕ، بەڵکوو بە هاوکاری و یەکیەتی و یەکگرتوویی و تەنیا بە هەبوونی ٢٪ لە بەرهەمی ناپاقژی نێوخۆیی دەتوانن بەرزترین ئاستی ئەمنیەت بۆ ناوچە دابین بکەن و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو پۆتانسیەڵ و پێداویستییەکان بۆ بردنەسەر و گەشەی ئابووری بگەنە پێگەیەکی گرینگ و شیاو لە ئاستی جیهانی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە خۆشبژێوی تەواو بگەن. تەنیا پێویستە لەجیاتی لەنێوبردن و حاشاکردن لە یەکتر و تاکپەرستی و دوگماتیزم ڕێگەی یەکیەتی و یەکگرتوویی و دێموکراسی بگرینە بەر.

بۆ گۆڕانە مەزنەکان ئەوەندە بەسە کە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و لە دەمارگرژی و دوگم بیرکردنەوە خۆمان بە دوور بگرین و ڕێز بۆ مافی خەڵکانی دیکە دابنێین.

## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ «سەیران مەحموودپوور»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

وتووێژ: بێهزاد قادری

نازانم چۆن وشەکانی بۆ لەسەر لاپەڕە دابڕێژم و پێکەوە گرێیان بدەم، کاتێک دەبینم کە «کوردستان» لەسەر لووتکەی هەست و ئاواتی لانکەی هەیە و چراوگی ڕێژوانی ئامنجیەتی و قەڵغانی «کوردایەتی»ـی، فیشەکی چاوی ناحەزی نیشتمان نەزۆک دەکات.

وشەکانیشم توانایان نییە لەو هەستە بدوێن، کاتێک دەبینن کیژێک بۆ چیا و ئارانی کوردستان دەچرپێنێت و کوردستان دەکات بە سەردێڕی هەر ئاوازێک و پێکەنینێکی؛ بزەگەلێک کە هزری بێوارەی شەمشەمەکوێرەکانی سەردەم هەڵدەوەشێننەوە.

هەندێکجار دەبێ وشەکان لەبیر بکەیت و ڕوانینەکان بخوێنیتەوە، ڕوانینگەلێک کە دەدوێن: «من ڕەشبەڵەک دەستم گرتووە و چەکی شەرەفم لەشان کردووە و هەورازی ئامانجم ئەگەر لە ئێستایشم ئەستەمتر و لێژتر بێت، قەت چۆکی بۆ شل ناکەم و داگیرکەر لەژێر تەرزەی ئاواز و فیشەکمدا دەتاسێنم».

- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟

ئەو کات هەستم بەوە دەکرد کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و دەبێ منیش هەر وەک ئەوانەی کە پێشتر هاتوونەتە ڕیزەکانی خەباتەوە، بێم و ئەرکمە کە بۆ وڵاتەکەم خەبات بکەم، چونکە زۆر جار باب و باپیرم دەیوت ئەگەر باب و باپیرانی ئێمە بەجوانی ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردبا، ئێستا ئێمە ئاوا نەدەبووین و کوردستانیش ئاوای لێ بەسەر نەدەهات و ئاوەها دابەش نەدەکرا. لەبەر ئەوەی کە من لە منداڵییەوە هەمیشە بنەماڵەم باسیان لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات دەکرد و خاڵی بابیشم پێشمەرگەیەکی بەناوبانگ بووە، هەمیشە پێم خۆش بووە کە منیش ببمە پێشمەرگە و بێمە ڕیزی شۆڕشەوە. ئەو کاتەی کە هاوڕێکانی سەردەمی منداڵیم هاتن بۆ نێو حیزب، منیش هەوڵم دا کە ڕێگایەک پەیدا بکەم و بەختەوەرانە هەر لە ڕێگای ئەوانەوە منیش هاتم.

- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟

ئێستایش کە خۆم توانیومە بەم ڕێبازە پیرۆزە پەیوەست بم، باوەڕم لە جارانیش و لە سەردەمی منداڵیشم قووڵتر بووە و هەمیشە ئامادەم تاکوو دواهەمین ساتەکانی ژیانم شەڕی بۆ بکەم و لە پێناو کوردستاندا گیانم ببەخشم.

- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:

لە ڕوانگەی منەوە، ئێمە بە پێشمەرگە و نیشتمانمانەوە دەناسرێین. ئەگەر من «نیشتمان»م نەبێت، هیچ کەس و هیچ وڵاتێک نازانێت کە من کێم.

وشەی «پێشمەرگە» بە واتای کەسێکە کە گیانی خۆی لە پێش مەرگی داناوە و باسکی بەهێزی گەلە.

«ڕاسان» بە واتای ڕاچەڵەکینە، یانی هۆشیاربوونەوە و ئاگاداربوونەوە. ڕاسان قۆناغێکی نوێ لە خەباتی حیزبی دێموکراتە. ڕاسان، خەباتی شاخ و شاری پێکەوە گرێ دا.

- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟

ئازادیی کوردستان، سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەڕانەوە بۆ نێو ماڵ و بنەماڵەی خۆمان، لە گەورەترین ئاواتەکانی ژیانمە. ئەمە ئاواتی منە وەک پێشمەرگەیەک و بڕوای ئێوە، گەورەترین ئاواتی پێشمەرگەیەک جگە لەوە دەتوانێت چی بێت؟

- بە بڕوای من، ئازادیی کوردستان، تەنیا ئاواتێک نییە و ئامانجێکە کە لە دڵی هەر پێشمەرگەیەکی خاکپەرستدا ڕیشەی هەیە. پرسیاری دیکەم: بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟

هەبوونی وڵاتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ.

- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

داوایان لێ دەکەم کە چیدی ئەم زوڵم و زۆرە قەبووڵ نەکەن و ئەوانیش وەک ئێمە با دژ بە ڕەشبیران و فاشیست وەجواب بێن و هەوڵ بۆ ئازادیی وڵاتەکەیان بدەن.

- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟

داوا لە هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم دەکەم کە هیچکات لەبیریان نەچێت بۆ چ ڕێبازێکی پیرۆز لێرەن و ڕێگای شەهیدان بەر نەدەن.

- وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟

داوام ئەوەیە کە چیدی ئاو و خاک و هاووڵاتییەکانیان نەفرۆشن و دەست لە چڵکاوخۆری و کاسەلێسی هەڵبگرن.

- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟

بەرنامەیەکی وەهام نییە. یانی هێشتا بیرم لەوە نەکردووەتەوە. بەڵام ئەوکاتیش هیوادارم لەنێو هێزی پێشمەرگەدا بمێنمەوە.



# نەبوونی مامۆستا، قەیرانێکی چارەسەرنەکراو لە ئێران

ئاسۆ مێنبەری

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئاخوندی، وڵاتێکی تەنراو لە کێشە و قەیرانەکانە، لە کێشە سیاسییەکانەوە بگرە کە وڵاتە زلهێزەکانی جیهانی بە خۆوە خەریک کردووە تا کێشەگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و پەروەردەیی کە تاک بە تاکی کۆمەڵگای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. کێشەکان لە هەر بوارێکەوە، لە هەر کاتێکی دیارکراودا یان لە هەر دۆخێکدا، زیاتر بەرۆکی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران دەگرنەوە کە مافەکانیان لەلایەن تاقمێک دەسەڵاتبەدەستی ملهوڕ زەوت کراوە و ئەوە کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکانن کە زیاتر دەکەونە بەر ئازار و مافیان لێ زەوت ئەکرێت و گوشاریان دەخرێتە سەر. یەکێک لەو کەرتانەی کە زۆرترین خەساری لەم نێوانەدا وێکەوتووە، کەرتی پەروەردەیە لە ئێراندا کە لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە و کێشەکانی ئەم کەرتە بە درێژایی ٤٠ساڵ دەسەڵاتداریێتی ڕێژیم هەر لە زیادبووندا بووە، بەڵام ئەوەی کە جێی تێڕامانە چەند قات بوونی ئەم کێشە و گرفتانە بۆ کەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم بووە. هەندێ جار بە مەبەستی سەرکوتی نەتەوەیەک، هەندێک جار بە مەبەستی سەرکوتی پەیڕەوانی ئایینێک یان هەندێ جاریش بە مەبەستی سەرکوتی بیرێکی جیاواز و زمانێک کە مێژوویەکی دیاریکراوی لە پشتە، گوشارەکان لە حاڵەتی هەڵکشاندا بووە. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتاییترین بنکەیەک کە دەکرێ لە لایەن ڕێژیمەوە سیلەی لێ بگیرێت، قوتابخانەیە. قوتابخانە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هەمیشە وەکوو چەکێک لە بەرانبەر خەڵکدا کەڵکی ئاوەژووی لێوەرگیراوە، تاکوو لەم ڕێگایەوە باشتر پەرە بە بیرۆکەی ویلایەتی فەقیهی بدرێت و بە گوشارهێنان بۆ قوتابیان، هەوڵ بدرێت کە نەتەوەکانی دیکەی غەیرەفارسی ئێران لە دنیای خوێندن، زانست و گەشەکردن دوور بخرێنەوە.

مانگێک بە سەر کرانەوەی قوتابخانەکان لە ئێراندا تێدەپەڕێت، خەڵک سەرەڕای هەموو کێشە ئابوورییەکان هەوڵیان داوە کە منداڵەکانیان بنێنە بەر خوێندن و پێداویستییە سەرەتاییەکانی خوێندنیان بۆ دابین بکەن.

لە شەهرییەی ٩٠٠ هەزار تمەنیی قۆناغی ئامادگییەوە لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا بگرە هەتا کڕینی جلوبەرگی چەند سەد هەزاری و دابینکردنی پێنووس و تێنووس و پێداویستییەکانی دیکە کە کێبەڕکێی بازاڕی فرۆشیش بە شێوەیەکی چەند قات گوشارەکانی بۆ سەر خەڵک زیاد کردوون. پێش لە کرانەوەی قوتابخانەکان و دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن ڕەنگە ئەم بەشە، گرینگترین بەشی دڵگرانییەکانی خەڵک بەئەژمار دەهات، هەر بۆیە لە چەندین لاوە چەندین کەمپەین ڕێکخران تاکوو هیچ منداڵێک لە خوێندن بێبەری نەبێت و بتوانن قۆناغێکی دیکەی ژیانیان بە دڵێکی خۆشەوە دەست پێبکەن.

ڕۆژانە ماڵپەڕە جۆراوجۆرە فەرمییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران و سەرچاوە نافەرمییە خەڵکییەکانی هەواڵیش هەندێک سووژە دەخەنە بەر دیدی خوێنەرانەوە کە جێی تێڕامانە. لەکاتێکدا کە هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم بە بەردەوامی باس لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و سەردانی فلانە وەزیر و فلانە بەرپرس بۆ ناوەندە فێرکارییەکان دەکەن، خەڵک لە نەبوونی قوتابخانە و مانەوەی منداڵەکانیان لە کانێکسدا گازندەیان هەیە و داوای چارەسەری لە بەرپرسانی ڕێژیم دەکەن.

پاش مانگێک لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن هێشتا کۆمەڵێکی بەرچاو لە قوتابییان لە نێو کانێکسگەلێکدا درێژە بە خوێندن دەدەن کە نە ئاوی هەیە، نە کارەبا، نە گاز و نە تەنانەت سرویسی بێهداشتی، لە هەندێک لە گوندەکانیشدا قوتابییان بەهۆی ڕووخاوبوونی قوتابخانەکەیان لە مزگەوتدا ساڵی نوێی خوێندنیان دەست پێکرد.

هەندێک لە قوتابخانەکان پێویستییەکی زۆر بەپەلەیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و ڕووخاوبوونی بیناکەی هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر گیانی قوتابییان بە ئەژمار دێت، بەڵام وەزارەتی پەروەردە و سازمانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، بە ڕستەی « هیوادارین بۆساڵی داهاتوو چارەسەر بکرێت» لەگەڵ کێشەکە ڕووبەڕوو دەبنەوە. دۆخی خراپی بینای قوتابخانەکان بەتایبەت لە کوردستاندا ڕووداوگەلێکی نالەباری بەدواوە بووە کە مەرگی دنیا وەیسی لە ژێر دیواری ڕووخاوی قوتابخانەی گوندەکەیاندا تەنیا نموونەیەک لەو کارەساتانەیە.

لە هەندێک لە گوندەکانی پارێزگای سنەدا خەڵک بە ناچاری خۆیان قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و دەڵێن هەموو ساڵێک پێش لە کرانەوەی قوتابخانەکان، قوتابخانەی گوندەکەیان تا ڕادەیەک نۆژەن دەکەنەوە تاکوو بە ڕێژەیەکی کەمیش بووە منداڵەکانیان لە مەترسیی مردن ڕزگار بکەن.

لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانیشدا سەرەڕای هەموو پڕوپاگەندە درۆیین و چەواشەکارانەکانی ڕێژیم هێشتا منداڵان لە کانێکسدا دەخوێنن و هیچ پێداویستییەکیان بۆ دابین نەکراوە.

بەڵام کێشەی قوتابخانەکانی کوردستان و ئێران تەنیا بەوەندە کۆتایی نایەت و ئەوەی کە ئێستاکە زیاتر لە هەر شتێک بەرۆکی منداڵانی ئێران و کوردستانی گرتووە، نەبوونی مامۆستایە! ئەگەر زۆر گەشبینانە سەرنجی بابەتەکە بدەین ڕەنگە بتوانین بڵێین کە خوێندن لە قوتابخانەی ڕووخاو و بە نەبوونی پێداویستی و لە کانێکس و مزگەوتیشدا هەر درێژەی پێ دەدرێت بەڵام ئایا خوێندن بە بێ مامۆستا دەبێت؟ ئایا دەکرێت قوتابییان بە چەندین مانگ مامۆستایان نەبێت و لە وانەکانیان وەدوا بکەون؟ کێ وڵامدەری سەرنەکەوتنی منداڵان لە کۆتایی ساڵی خوێندندا دەبێت؟ کامە بنکە یان ناوەند بەرپرسیاری ئەو دۆخەیە؟

٣٠ ڕۆژ لە یەکەمین وەرزی خوێندنی قوتابییان تێپەڕیوە و هێشتا لە پۆلە جیاوازەکانی یەکەمی سەرەتاییەوە بگرە هەتا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی، هێشتا لە زۆربەی قوتابخانەکاندا، مامۆستایەک نییە کە وانە بڵێتەوە، جگە لە نەبوونی مامۆستاش هەندێک لە قوتابییان سەرەڕای ناونووسینی ئینتێرنێتی بۆ وەرگرتنی کتێبیش تاکوو ئێستا کتێبیان وەرنەگرتووە و دیار نییە کە ئەم ساڵەی خوێندنیان چۆن دەبێ تێپەڕ ببێت.

وەزارەتی پەروەردە لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی کتێب بە منداڵەکان نادرێت وتوویەتی کە ئەنبارەکانمان بەتاڵن! ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەپێی ناونووسینی ئینتێرنێتی و وەرگرتنی پارەش، دەبێ کتێبەکان پێشوەختە ئامادە کرابن و هاوکات لەگەڵ دەسپێکی خوێندن کتێبەکان بە سەر قوتابییاندا دابەش بکرێت کە وەکوو کەمتەرخەمییەکانی دیکەی بەرپرسانی ڕێژیم ئەمەش یەکێکی دیکە لە کێشە پشتگوێ خراوەکانە.

هەبوونی مامۆستا لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەگەر تەنانەت کەسانی زۆر زیرەک و بلیمەتیش لە بەرچاو بگرین دیسانەوە ئەوانیش بۆ فێربوونی هەندێک شت پێویستیان بە مامۆستا بووە، بۆیە هەبوونی مامۆستا لە قۆناغەکانی خوێندندا یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکانە کە ناکرێت حاشای لێ بکرێت.

ماوەی چەند ساڵێکە لە وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیمدا، بە شێوەی فەرمی دامەزراندن بۆ مامۆستایان ئەنجام نەدراوە و ئەگەریش تاقیکاری وەرگیرابێ زیاتر بە مەبەستی چەواشەکاری و کۆکردنەوەی پارە لە خوازیارانی مامۆستایەتی بووە، هەر بۆیە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، مامۆستایانێک لە قوتابخانەکاندا کاری وانەبێژیان کردووە کە ئێستاکە بە پێی یاسا دەبێ خانەنشین بکرێن. خانەنشین بوونی هێزی بەتەمەن و نەبوونی هێزی جێگوزین بۆ ئەو کەسانە، چۆڵ مانەوەی پۆلەکان لە مامۆستای بەدواوە بووە کە ئەمە خەسارێکی گەورە بۆ بەشی خوێندن و قوتابییان بەئەژمار دێت. ڕاپرسییەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە جیا لە نەبوون و کەم بوونی مامۆستا، لە زۆربەی قوتابخانەکانی ئێراندا، مامۆستایەک بە پسپۆڕییەکی تایبەتەوە، وانەگەلێکی دیکەش دەڵێتەوە کە هیچ پێوەندییەکیان بە پسپۆڕییەکەی خۆیەوە نییە و ئەمە زیاتر لە نەبوونی مامۆستا بۆ ئەو دەرسانە ، زیان بە قوتابییان دەگەیەنێت. بەداخەوە ئەم دۆخە لەو شار و ناوچانەدا کە کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکانی تێیدا نیشتەجێن زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، دەبینرێت. سیاسەتی لەناوبردن، دەستەمۆکردن و ژێرچەپۆکە کردنی نەتەوە بندەستەکان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، ساڵانێکە کە لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ئێستاکەش پارێزگاگەلێکی وەکوو سنە، کرماشان، ئیلام، ورمێ، سیستان و بەلووچستان و خوزستان لەو پارێزگایانەن کە زیاترین غەدریان لە بواری پەروەردە و پێداویستییەکانی خوێندنەوە لێ دەکرێت.

هەوڵە سیستماتیکەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ لەناوبردنی ئەم نەتەوانە لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە گەیشتووەتە ئاستێک کە بە شێوەیەکی بەربڵاو ماددەی هۆشبەر لە نێوان قوتابییاندا بڵاو دەکرێتەوە کە زۆربەی کاتەکانیش ئەم کارە بە ئاگاداری و هاوکاریی بەرپرسانی قوتابخانەکان ئەنجام دراوە.

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی ڕێژیم بۆ پێشگرتن لە پێگەیشتن و سەرکەوتنی لاوانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەتایبەت لاوانی کورد لە بواری زانستیدا، هەموو ساڵێک لە لیستەی کەسانی سەرکەوتووی کونکوور لە ئێراندا ناوی منداڵانی ئەم نەتەوانە دەبینرێت کە هیچ بەربەستێک نەیتوانیوە پیش بە ئامانجەکانیان بگرێت.

دیارە قەیرانی نەبوونی مامۆستا لە قوتابخانەکانی ئێراندا دەبێ بە هێند وەربگیردرێت و بایەخی جیددی پێ بدرێت. لەم پێوەندییەدا ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەکان و چیدیکە نابێ لەهەمبەر کەمتەرخەمییەکانی بەرپرسانی قوتابخانەکان و وەزارەتی پەروەردەدا بێدەنگ بن.

# هونەر و ئەدەبیات و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

جەماڵ فەتحی

ئەدەبیات و هەموو ژانرەکان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەشێکی دانەبڕاو لەو ژیانە و تەنانەت لە بوون و وجوودی خودی مرۆڤیشن و وەکوو یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکان لە قەڵەم دەدرێت، واتە مرۆڤ دوای دابینکردنی ماکەکانی خواردن و سازکردنی مەکۆ و پەناگەی ژیانی پێداویستیگەلێکی دیکە دەبێتە ئامانجی کە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناخ و ڕۆحیەوە هەیە، کە دەکرێت ئەم پێداویستییە ڕۆحی و دەروونییە وەکوو خاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی دیکە لە بەرچاو بگیردرێت. هەرچەندە گیانلەبەرانی دیکەش بە شێوازی خۆیان خوڵقێنەری بەرهەمگەلێک وەکوو مۆسیقان و هێندێ جار مرۆڤ بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێکی هونەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ پەنا بۆ سروشت و ئاژەڵەکان دەبات و وەکوو سەرچاوەیەک بەکاریان دێنێت، کە لەوانە هونەری مۆسیقا و ڕیتمەکانی نێو مۆسیقا و هەروەها هێندێ بەشی پێوەندیدار بە مۆسیقا وەکوو هەڵپەڕکێ و سەما و تەنانەت بەشێک لە دەنگی ئامێرە مۆسیقاییەکان لە سروشت و ئاژەڵەوە وەرگیراوە.

ئەم کاریگەریدانانە یەکلایەنە نییە و زۆر جار ئەو بەرهەمەی کە مرۆڤ لە سروشت وەری دەگرێت و بە زانست و تێئۆرییەوە ماکەکانی لە پاڵ یەک دەخات و مۆنتاژیان دەکات بۆ سروشتی دەگەڕێنێتەوە، کە کاریگەرییەکانی لەسەر سروشت و تەنانەت ئاژەڵەکانیش هەست پێ دەکرێت و دەبینرێت. زۆر نموونە هەن کە دەرخەری کاریگەریی هونەر و ژانرەکانی لەسەر سروشت و ئاژەڵن، گوڵێک کە بە هۆی مۆسیقاوە زیاتر گەشە دەکات و جوانییەکانی ناخی خۆی زیاتر دەنوێنێ یەک لەو کاریگەرییانەی مۆسیقایە لەسەر سروشت، یان ئاژەڵێک بە گوێگرتن لە مۆسیقایەک بێدەنگ دەبێت نیشانەی ئەوەیە کە مۆسیقاکە لەگەڵ ناخی تێکەڵ بووە و کارتێکەری هەبووە.

ڕەنگە لە پێناسەی هونەردا ئەم جەوهەرە تەنیا بە باڵای مرۆڤدا بڕابێت و تەنیا بە بەشێک لە جەوهەر و بەرهەمەکانی مرۆڤ پێناسە کرابێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە سروشت داببڕێت ئایا دیسان دەتوانێت هونەر بخوڵقێنێت یان هونەرمەند بێت؟ وڵامی ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک لە شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی هونەر و سروشت لەسەر یەکتر خۆ دەنوێنن، بەڵام ئایا بەڕاستی هەموو هونەرێک بەرهەمی سروشتە یان سروشت هەموو قوژبنەکانی هونەر لەخۆ دەگرێت یان ئایا هەموو هونەرمەندێک بەردەوام لەگەڵ سروشت لە پێوەندیدایە و ئەوە سروشتە کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی بەرهەمە هونەرییەکانی؟

بۆ تاوتوێکردنی ئەم بوارە گرنگ و بنەڕەتییە، دەبێت چەندین قۆناغی ڕەوتە هونەرییەکان بەپێی زەمەن و شوێنەکانیان هەڵسەنگێندرێت، هەتا ئەوەی دروستی و نادروستیی ئەم بابەتەمان بۆ دەربکەوێت، ئەم بابەتە کە لە هونەر و ئەدەبیاتدا دەچێتە خانەی ڕەوتی ناتورالیستی یان سروشتگەراییەوە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە فەڕانسەدا لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی داروین سەری هەڵدا، هەرچەندە ئەم ڕێباز و بزاڤە ئەدەبی و هونەرییە لە سەرەتا لە سەر ڕیالیزمێکی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی دامەزرا بەڵام بە دوور لە سیمبۆلگەرایی، ئارمانگەرایی و ڕۆمانتیزم لەسەر هەموو بەشەکانی ژیانی ڕۆژانە پێداگری دەکرد، چونکە هەموو هەڵسوکەوت و چارەنووسی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی سەپێنراو لە لایەن میراتگریی باب و باپیران و هەروەها سروشت دەبینی و بە فەرمی دەیناسین، کە «ئامیل زۆلا»، «جان ئشتاین بەک» و «داروین» لە بەرجەستەترینی نوێنەرانی ئەم ڕێبازە لە قەڵەم دەدرێن. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی سروشت و هونەر لەسەر یەک، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاراستەی بابەتەکە بەرەو هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی قۆناغەکان دەڕوات و قووڵایی کاریگەرییەکان تەنیا لە ئاستی گەشەکردنی هونەر لە ڕەهەندی مەعریفەتییەوە لە کات و قۆناغە جیاوازەکاندا دەردەخات و وڵامی پرسیارێک دەدرێتەوە کە بۆچی هونەر و ئەدەبیات وەکوو قۆناغەکانی پێشوو تام و چێژی خۆیان نەماوە، یان بۆچی وەکوو پێشتر سەرەڕای گەشەکردنی زانست و تێئۆریکبوونی هونەر و ئەدەبیات شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکان بەرهەم ناهێنرێن؟ ئەگەر هەزاران بەڵگە و بۆچوون بۆ ئەم دابڕان و بۆشاییە بێننە ئاراوە، دوورکەوتنەوە لە ماکەی سەرەکیی هونەر و ئەدەبیات واتە سروشتی ڕەسەن و ونبوون و توانەوە لە نێو چوارچێوەیەکی دەسکرد وەکوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، کە مرۆڤی جیهانی سێهەم هێشتا بەکارهێنانی دروستی ئەم تێکنۆلۆژییە فێر نەبووە و ئەم فێرنەبوونە دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە جیاتی قازانج لەگەڵ خەسار و زیان بەرەوڕوو ببنەوە.

دابڕان لە سروشت ئەگەر ئاکامەکەی بەرهەم نەهاتنی هونەری ڕەسەن بێت، تێکەڵبوون و ونبوون لە چوارچێوەی دنیا دەسکردەکان بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمهاتنی هونەر و ئاسەوارە ناڕەسەنەکانە؛ واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە مەیدانی تەڕاتێنی کەسە ناهونەرمەندەکان و جێگا بە هونەرمەندە ڕاستەقینە و ڕەسەنەکان لێژ دەکەن، کە ئاکامەکەی هەر لە ئێستەوە هەست پێ دەکرد کە زۆر نییە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەسەدان ناهونەرمەند و ناشارەزای بوارە جۆراجۆرەکان بوونەتە هونەرمەند و ناوی مامۆستایان لەسەر خۆیان داناوە و ئەم دۆخە وای کردووە کە شارەزایانی ڕاستەقینەی هونەر و ئەدەبیات بۆ پاراستنی کەسایەتی و پێگەی خۆیان، کەمتر دەربکەون و کەمتر بەرهەمەکانیان ئاراستەی کۆمەڵگا بکەن.

هەرچەندە لە زانستەکاندا هیچ شت و بابەتێک ڕەها نییە و هەموو بابەتێک بەپێی قازانج و سوودەکانیان پێوانە دەکرێن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کە بەرهەمی چەندین زانستی جیاجیان، بەپێی قازانج و سوودەکانیان دەبێت تاوتوێ بکرێن، بۆ ئەوەی بارە نەرێنییەکانی ئەم بەرهەمە زانستییە باڵ بەسەر بارە ئەرێنییەکانی نەکێشێت و لەم پێوەندییەدا بەدوور لە داد و عەقڵانییەت بڕیارێک نەدرێت و قسەیەک نەسەپێت. ئەم زانست و تێکنۆلۆژییە کە ئێستە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکان کەڵکی لێوەردەگرن ئایا لە کۆمەڵگایەک وەکوو کوردستان سوود و زیانەکانی بە هەمان ڕادەن کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەدی دەکرێن؟

بۆ ئەوەی قازانج و سوودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت بواری هونەری و ئەدەبی بەرچاو بکەون، دەبێت پێوانەیەکی زانستیمان لە بەردەستدا بێت، بۆ نموونە ئەم پرسیارانە بێنە ئاراوە:

١. لە دوای هاتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هونەر و ئەدەبیات (شێعر، پەخشان، چیرۆک، ڕۆمان و....) گەشەیان کردووە یان دابەزیون؟

٢. ئایا دوای هاتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانێک لە هونەر و ئەدەبیات دروست بووە؟

٣. ئایا ئەو بەناو دەقە هونەری و ئەدەبییانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبنەوە خاوەن بنەمای زانستی و ئوسوولین یان بەس کۆپیکردنن؟

٤. ئایا ئەو بەرهەمانەی کە بڵاو دەبنەوە دەکەونە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە؟

ئەگەر وای دابنین ئەم پرسیارانە وڵامێکی نەرێنییان هەبێت بە مانای ئەوەیە کە ئیتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەترسیدارن و نابێت کەڵکیان لێوەربگیردرێت، یان بەپێچەوانەکەی ئەگەر وڵامەکان ئەرێنی بن ئەوە قازانجیان هەیە و زیاتر لە ئێستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە؟

سەرەڕای ئەوەیکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هێندێ بواردا بەکەڵک بوون و خزمەتێکی خێرا و بەرچاویان بە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان کردووە، بە هۆی ئەوەیکە لەم گۆڕەپانە لێپرسینەوە و ڕەخنە کەمتر ڕۆڵ دەگێڕن و دەق و بەرهەمەکان زۆربەیان بێخاوەنن، هەتا کاتێک کە بەرهەمە بڵاوکراوەکان لە دنیای مەجازیدا پێوانەی زانستییان لە پشت نەبێت زەرەری تۆڕە کۆمەڵاتییەکان لەم پێوەندییەدا زیاتر لە سوودیانە و ئەم دۆخەش کاتێک دەستەبەر دەبێت کە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ببێتە بەشی سەرەکی و کۆڵەکەی دەقە هونەری و ئەدەبییەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئاکامەکەی کتێب خوێندنەوە و دوورکەوتنەوە لە کۆپیکردنەکانە.

کاتێک باس لە خەسار و زیانی بابەت و دیاردەیەک دەکرێت بەو مانایە نییە کە ئیتر ئەو دیاردە و بابەتە هیچ سوودێکی نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ڕێژەی زەرەر و زیانەکان بگاتە ئاستێکی زۆر نزمەوە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەک لەو بابەتانەن کە سەرەڕای قازانجی زۆریان زەرەری بەرچاویشیان هەیە، یەک لەوانە دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە خوێندنی کتێب، پشتگوێخستنی چەمک و بابەتە بنەڕەتییەکانە و لە گشت گرنگتر دابڕان لە سروشتە کە ماکەی سەرەکیی هەر دەقێکی هونەری و ئەدەبییە.

## «بۆ ڕۆژئاوا»

گەرچی لە چوار وەرزی ئەم گەردوونە قەتیس ماوین
هەزاران جار وەبەر تووکەشەقی ڕۆژگار کەوتووین
لە هەموو پاییزێکدا گەڵای تەمەنمان هەڵدەوەرێن
ئەوەی دێڕ و ڕستەیە بۆ کوشتنمان نازڵ دەکەن
ئاسمان و زەوی لەمپەری هاوارەکانمانن
بەرەو هەر لایەک دەڕۆین
مەرگ بەر لە ئێمە سەنگەری گرتووە
ژیان تەنیا نازناوێکە لە دووتوێی کتێبەکان دەیبینین
بەڵام هەر دەڕۆین و هەر دەڕۆین
دەڕۆین هەتا ڕۆژێک بێت مەرگ سڵمان لێ بکات
ڕۆژێک بێت ئاو شایەتی بۆ پاکیمان بدات
چرۆکان لەسەر شان و ملمان بشکێن
هەنارەکان بەدەم بزەوە لە پرچی کیژۆڵەکانی سەنگەر بێنە بەر
ڕۆژێک بێت زستان لە ئاستمان هەڵلەرزێت
هاوین لە ژێر پێمان بتوێتەوە
دێت، ئەو ڕۆژە دێت
کە لە بەهاردا ئازادی چرۆ بکات
هەرچی گێلاسی خەندەیە لە چاوی تەوارەکانمان شۆڕ بینەوە
با ئەوان هەر پاڵ بە دووکەڵ و ئاسنەوە بدەن
ئێمەش پاڵ بە تریفەی مانگەشەو و تیشکی خۆرەوە دەدەین
ئەوان هەوای ناپاڵم و نەردال هەڵدەمژن
ئێمەش هەوای ئازادی و سەربەستی
باریکەرێیەکە سەدان ساڵە پێیدا دێن و دەڕۆن
ئێمەش هەزاران شارێی بەفتەوەریمان لە پێشە
وادەزانن ئەم سنوورەی لە قامووسی ڕەشیان کێشاویانە
داماندەدرێت و داماندەبڕێت
نازانن کوردستان لە دڵمانە و خۆشەویستیش بێسنوورە
ڕۆژ نییە، مانگ نییە، ساڵ نییە
بە باڵە ڕەشەکانیان پەلاماری هەڵەمۆتەکانمان نەدەن
ساڵ نییە بۆگەنی کەلاکیان تامی کانیاوەکانمان تاڵ نەکات
ئەوان قەت لە وشەی کوردستان تێنەگەیشتن
بۆیە دەیکەنە گۆڕستانی خۆیان
کوردستان هێلانەی ئەویندارانی بەفتەوەرییە
ئەوان بە هێلانەی مەرگی دەبینن
بۆیە دەڵێین:
کەس نەڵێ کورد مردووە
کورد زیندووە
زیندووە قەت نانوێ ئاڵاکەمان

کۆچەر

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 760 · 22 October 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران

### هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا



### دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی شەممە، ٢٠ی ڕەزبەر، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری مەریوان دەستیان بە دەسبەسەرکردنی ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی شاری مەریوان کرد کە لە کۆبوونەوەی پشتیوانیی ڕۆژاوادا بەشدارییان کردبوو.هەواڵنێری کوردپا ژمارەی هاووڵاتییانی دەسبەسەرکراوی ١٥ کەس ڕاگەیاندووە کە بەبێ بەڵگەی یاسایی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.سەرچاوەی باوەڕپێکراوی کوردپا شوناسی هەندێک لە دەسبەسەرکراوەکانی: «کەماڵ کۆنەپۆشی»، ئەندامی هەیئەتی بەرێوەبەریی ئەنجومەنی سەوزی چیا، «هیمەت کەریمی»، «دیاکۆ تابا»، «موبین نادری»، «ئومید حەق پەرەست» و «موبین کەریمی»، ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی شەممە، ٢٠ی ڕەزبەر، کوردەکانی دانیشتووی شاری تاران لە هەمبەر هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوا، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان لە بەرانبەر باڵوێزخانەی تورکیەدا بەرێوەبرد. لەو کۆبوونەوە نارەزایەتییەدا، مەئموورانی حکوومەتی هەوڵی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییانی ناڕازییان داوە و زیاتر لە ١٠ کەس دەسبەسەر کراون.شوناسی هەندێک لەو دەسبەسەرکراوانە بریتین لە «ئیسماعیل سالاری، موحسێن مووسەوی، عەبدوڵلا جیهانبین، ئومید جەهانگیری، سالار مەولایی، محەممەد شەهابی، مازیار محەممەدی ئازەر بۆکانی، کاوان محەممەدی ئازەر بۆکانی و کاوان کەریمپوور.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ی ڕەزبەر، سێ هاووڵاتیی خەڵکی شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە، دەسبەسەر کران.هەواڵنێری کوردپا شوناسی یەکێک لەو سێ کەسە دەسبەسەرکراوەی بە ناوی «هادی خزری»، تەمەن ٢٧ ساڵ ڕاگەیاندووە.»

دوو لاوی کورد بە ناوەکانی «فواد عینایەتی و موبین خوسرەوی»، خەڵکی شاری سنە بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی بۆ پشتیوانی ڕۆژاوا»، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی ڕەزبەر، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «هێمن عەبدوڵلاهی، سەمعی وەیسی و عەبدوڵلا سلێمانی»، خەڵکی «نەڵاس»ی شاری سەردەشت، لە کۆبوونەوەی نارەزایەتیدا دەسبەسەر و لە چارەنووسی ئەوان هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی ڕەزبەر، لاوێکی کورد بە ناوی «مەسعوود سینابەندی» خەڵکی شاری ورمێ، بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە هەمبەر پشتیوانی لە ڕۆژئاوا دەسبەسەر و هەتا ئێستا بێسەروشوێنە.

لە شاری پاوە، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سروش ئەمینی و کەماڵ فەتاحی»، بەهۆی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی لەمەڕ پشتیوانی لە ڕۆژاوا، دەسبەسەر و چارەنووسیان ناڕوونە.

لاوێکی کورد بە ناوی «محەممەد نادری» بە تۆمەتی «ئاگردانی ئاڵای تورکیە» لە کۆبوونەوەی پشتیوانی لە ڕۆژاوا، دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «وەلی حەنیفی»، خەڵکی شاری نەغەدە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی ڕەزبەر، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «فەرامەرز شەریعەتی»، خەڵکی شاری سنە، لە شوێنی کارەکەیدا لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «جەعفەر ئەمینی» تەمەن ٣١ ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی شاری بۆکان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی ڕەزبەر، چوار چالاکی ئەدەبیی کوردی خەڵکی بۆکان بە ناوەکانی «ژاکا ئیسماعیلپوور، سمکۆ مەعروفی، هومەن فەیزی و شاهۆ خزری»، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییکانەوە، دەسبەسەر کران.

ڕۆژی شەممە، ١٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کورد بە ناوی «میلاد مینبەری» کوڕی «عیسا» خەڵکی گوندی «نییەر»، سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنەیان دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕایانگواست. لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی سێشەممە، ١٦ی ڕەزبەر، هێزە ئیتلاعاتییەکان، خاڵۆی «میلاد مینبەری» بە ناوی «موختار مینبەری»، خەڵکی گوندی «نییەر»یان دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگواستووە.

### بانگهێشت کردن بۆ ئیتلاعات:

ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ی ڕەزبەر، «سەید عەلی حوسێنی»، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سەقز، بانگهێشتی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران کراوە و لە پەیوەندیی لەگەڵ بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە هەمبەر مەحکوومکردنی هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوا، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە.

هاوکات لە هەمان ڕۆژدا، «مەحموود ساڵحی» و «عوسمان ئیسماعیلی»، لە چالاکانی کرێکاریی شاری سەقز، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بانگهێشتی ئیدارەی ئەماکنی ئەو شارە کران و لە پەیوەندی لەگەڵ بەشداری لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی دژی تورکیە، لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.

### مانگرتن و بێبەری لە مافی مورەخەسی زیندانییان، درێژکردنەوەی ماوەی زیندانیی:

ئومید شامحەممەدی، مامۆستای کورد خەڵکی شاری دیواندەرە، لە زیندانی سنە لە مافی مورەخەسی و ئازادی بێمەرج بێبەری کراوە.

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ، ماوەی دەسبەسەریی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوی «سەید ڕەزا ئەحمەدی» کوڕی «سەید عەلی»ـی، بۆ ٢٠ ڕۆژی دیکە درێژ کردەوە.

زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «ئیقباڵ زارعی»، لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕەزبەردا، لەمەڕ دەستێوەردنەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز لە ڕەوتی دادوەریی دۆسیەکەی، دەستی داوەتە مانگرتن. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دادستانی شاری سەقز، ڕەزامەندیی لەسەر ئازادکردنی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە دەربڕیوە، بەڵام ئیدارەی ئیتلاعات پێشی بە ئازادکردنی گرتووە.



### مەحکووم کردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

«موحسین لوڕستانی» هونەرمەندی کوردی خەڵکی شاری کرماشان و دانیشتووی شاری تاران، لە لایەن لقی ٢٨ی دادگای ئینقلابی شاری تارانەوە، دادگایی کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٤ی ڕەزبەر، «ئازاد ساڵحیان»، تەمەن ٢٣ ساڵ، خەڵکی شاری سەقز، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

دوو زیندانیی سیاسی کورد بە ناوەکانی «حەیدەر قوربانی» کوری عەلی و «مەحموود سادقی» کوڕی عارف خەڵکی شاری کامیاران، لە گرتووخانەی ناوەندی شاری سنە، لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێرانەوە بە ١٥٠ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کراون. بەپێی ئەو حوکمە، حەیدەر قوربانی بە تۆمەتی «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران» بە ١٢٠ ساڵ و مەحموود سادقی بە هەمان تۆمەت بە ٣٠ ساڵ زیندانی تەعزیزی مەحکووم کراون.

### گواستنەوەیان بۆ زیندان:

ڕۆژی یەکشەممە، ١٤ی ڕەزبەر، «ئازاد ساڵحیان»، تەمەن ٢٣ ساڵ، خەڵکی شاری سەقز، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.



### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ڕەزبەر، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئازاد قوربانی نژاد» خەڵکی گوندی «میرشێخ حەیدەر» گیانی لە دەستدا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «موحسین بەکر عەزیز» خەڵکی گوندی «دۆڵەگەرم» بە سەختی پێکرا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ١٦ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «یووسف دۆڵە»، خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بەسەختی بریندار کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «دیاکۆ شەریفی»، تەمەن ٢١ ساڵ، کوڕی «بورهان»، خەڵکی گوندی «تشار»ی شاری پاوە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سمکۆ خەلیلی باغچە»، خەڵکی شاری سەڵماس، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، لە سنووری ئەو شارەدا، بەسەختی پێکرا.

ڕۆژی هەینی، ٢٦ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەسکەندەر حەمزەزادە»، خەڵکی گوندی «دیناران»، سەر بە شاری سەردەشت، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی سنووری ورمێدا، لە نزیکیی گوندی «سیارەک»، کەوتنە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بەهۆی تەقەی نیزامییانی حکوومەتەوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ماهێر تاقی»، تەمەن ٢٦ ساڵە، بەتوندی بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە، ٢٧ی ڕەزبەر، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «بەهمەن چریک»، خەڵکی شاری مەهاباد و «خالید» خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکومەت پێکران..

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ستار ڕەحیمنژاد»، کوڕی «محەممەد»، خەڵکی گوندی «دەرەکێ»، سەر بە شاری مەریوان، لە ئەنجامی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکان، لە بەرزایی بەربووەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەر، باخدارێکی کورد بە ناوی «ئاراس شوکری» کە وێڕای کرێکارەکانی لە باخەکەیدا لە «تەختی جام» کاریان دەکرد لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە تەقەیان لێکرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو دەسرێژییەدا «ئاراس شوکری» و یەکێک لە کرێکارەکانی ئەو باخە بریندار بوونە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «لوقمان ڕەشیدزادە»، کوڕی «ڕەحمان»، خەڵکی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکومەت گیانی لەدەست دا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سالار پەژوهی»، تەمەن ٢٨ ساڵ، بەهۆی تەقینەوەی مین، لە «دزئاوەر» لاقێکی لەدەست دا.ئەو کۆڵبەرە کوردە، خەڵکی گوندی «بانەوەڕە»ی شاری پاوەیە.

### ئێعدام:

سەرلە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ی ڕەزبەر، زیندانییەک بە ناوی «عالەم کەریمی»، خەڵکی شاری مەریوان، بە تۆمەتی «کوشتنی بەئەنقەست»، لە زیندانی ناوەندیی شاری سنەدا، لەسێدارە درا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو زیندانییە کوردە، ١٠ ساڵ پێش، بە تۆمەتی کوشتنی خوشکەزاکەی دەسبەسەر و دواتر بە ئێعدام مەحکووم کرابوو.



### گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «عابید نەسیری»، تەمەن ٤٠ ساڵ، خەڵکی شاری سەقز، لە کاتی کارکردندا گیانی لەدەست دا.



### خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ڕەزبەر، لاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵ بە ناوی «سوبحان کەریمی» خەڵکی گوندی «بورهانەدین»ی شاری ڕوانسەر، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە چەند ڕۆژی ڕابروودا، «نیاک جەعفەری» لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ خەڵکی شاری شوێشە لە شوێنی کارەکەی خۆیدا، هەوڵی خۆکوژی داوە. ئەو لاوە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

ڕۆژی هەینی، ٢٦ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدولباست وەیسی»، ناسراو بە «دانا»، خەڵکی گوندی «نروێ»ی شاری پاوە، خۆی کوشت.ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

شەوی ڕابردوو، ٢٧ی ڕەزبەر، «ئیلهام ڕەسووڵی»، تەمەن ١٤ ساڵ، کچی «سەعدوون»، خۆی کوشت. ئەو کچە مێرمنداڵە، دانیشتووی باخی شایگانی شاری مەهاباد بووە.